# پەروەردەی منداڵی موسڵمان

## ئاستی سێیەم



ئامادەکردنی
جليل ابراهيم علی



## تایبەتمەندی کتێبەکە:

یەکەم: وانەکان بە شێوازێك دانراوە کە ببێتە یارمەتی دەرێکی باش بۆ مامۆستا کە بە هەمان شێوازی پرۆگرامی قوتابخانە وانەکان بڵێتەوە.

دووەم: ڕەچاوی ئاستی قوتابی کراوە کە بە شێوەی پلەبەندی بابەتی زانستی دانراوە.

سێیەم: لە وانەکان چالاکی و هەڵسەنگاندن دانراوە بۆ ئەوەی قوتابی لە میانەی وانەکەدا بەشدار بێت بەشێوەی کرداری.

چوارەم: ڕەچاوی ڕۆڵی خێزان کراوە کە هەندێك لەو وانانەی فێردەکرێت تەواوکەری ئەو فێربوونە لەماڵەوە ئەرکەکان جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی پەیوەندی ماڵ و فێرگە درووست ببێت.




**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان**

٠٧٧٣١٩٧٤٦٤٦ - ٠٧٥٠١٥٧١٨١٨

0158 6626

# پەروەردەی منداڵی موسڵمان

## ئاستی سێیەم

ئامادەکردنی

جلیل ابراهیم علی



ئەدیبان

له بڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەممەد


_ADIBAN


ناسنامەی کتێب

ناونیشان: پەروەردەی منداڵی مسوڵمان

ئامادەکردنی: خەلیل ئیبراهیم عەلی

بابەت: پەروەردەی ئیسلامی

دیزاینی بەرگ و دەق: بیلال بەکر سەید غەریب

پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

ساڵی چاپ: ٢٠٢٣ میلادی، چاپی یەکەم.





یوەندی: 07501571818 - 07731974646 - bookadiban@gmail.com

ونیشان: نووسینگەی سەرەکی: سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گۆزەکان، سەرووی ئامادەیی سلێمانیی کچان، نزیک ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوڕان.

# پێشه كی

بسم الله الرحمن الرحيم

لحمد للّه رب العالمين، والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين، نبيّنا محمد علي آله وصحبه أجمعين، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.

منداڵ نیعمەتێکی گەورەیە کە خوای پەروەردگار دەیبەخشێتە دایکان و باوکان، رە ئایندەی هەموو گەلێك لە دەستی منداڵانی ئەمڕۆدایە، بۆیە پەروەردە و فێرکردنی منداڵ بۆ شارەزابوون لە زانستە شەرعییەکان و بنەما چەسپاوەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەرکێکی گرنگی سەرشانی دایکان و باوکان و مامۆستایان و پەروەردەکارانە.

ئەم زنجیرە کتێبە ( پەروەردەی منداڵی موسڵمان ) کراوە بە سێ ئاست لە سێ کتێبدا، لە هەر ئاستێکدا بە گوێرەی توانا و پێویستی ئاستی منداڵ بابەتی زانستی و پەروەردەیی دانراوە، وە هەر کتێبێك کراوە بە دوو بەشی سەرەکی، بەشی بیروباوەڕ و بەشی فیقهو ئاداب، بۆیە باشتر وایە مامۆستا وانەیەك لە بەشی یەکەم و وانەیەك لە بەشی دووەم بڵێتەوە.

## تایبەتمەندی کتێبەکە:

**یەکەم:** وانەکان بە شێوازێك دانراوە کە ببێتە یارمەتی دەرێکی باش بۆ مامۆستا کە بە هەمان شێوازی پرۆگرامی قوتابخانە وانەکان بڵێتەوە.

**دووەم:** ڕەچاوی ئاستی قوتابی کراوە کە بە شێوەی پلەبەندی بابەتی زانستی دانراوە.

**سێیەم:** لە وانەکان چالاکی و هەڵسەنگاندن دانراوە بۆ ئەوەی قوتابی لە میانەی وانەکەدا بەشدار بێت بە شێوەی کرداری.

**چوارەم:** ڕەچاوی ڕۆڵی خێزان کراوە کە هەندێك لەو وانانەی فێردەکرێت تەواوکەری ئەو فێربوونە لە ماڵەوە ئەرکەکان جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی پەیوەندی ماڵ و فێرگە درووست ببێت.

# بەشی یەکەم
# بیروباوەڕ

یەکەی یەکەم: یەکخواپەرستی ( التوحید).

یەکەی دووەم: عیبادەت .

یەکەی سێیەم: زانست .

یەکەی چوارەم: ناسینی خوای گەورە .

# یەکەی یەکەم:
# یەکخواپەرستی ( التوحید )

## ١ وانەی یەکەم: یەکخواپەرستی ( التوحید )

دەسپێك



یەکخواپەرستی بنچینەی هەموو کاروکردەوەکانە، خوای گەورە تەنها کردەوەی ئەو کەسانە وەردەگرێت کە یەکخواپەرستن، وە کەسانی یەکخواپەرست خۆشبەختی دونیا و دوارۆژن.

### پێناسەی یەکخواپەرستی

بەتاك دانانی پەروەردگارە لە پەروەردگارێتی و عیبادەت و ناو وسیفاتەکانی.

### جۆرەکانی یەکخواپەرستی

**١** یەکخواپەرستی لە پەروەردگارێتی

(توحید الربوبیة)

نموونە

١. باوەڕمان وا بێت کە هیچ درووستکارێك نییە جگە لە الله
٢. هەموو شتێك موڵکی خوایە
٣. هیچ ڕۆزی دەرێك نییە جگە لە الله

٢ یەکخواپەرستی لە پەرستندا

(توحيد الألوهية)

نموونە

١. نوێژ تەنها بۆ خوا بکەین
٢. داوا و پاڕانەوە تەنها لە خوا بکەین
٣. سوجدە تەنها بۆ خوا ببەین

٣ یەکخواپەرستی لە ناو وسیفاتدا

(توحيد الأسماء والصفات)

| ناو نموونە | سیفات نموونە |
| --- | --- |
| ١. بیسەر (السميع) | ١. بیستن (السمع) |
| ٢. بینەر (البصير) | ٢. بینین (البصر) |
| ٣. دانا (الحكيم) | ٣. دانایی (الحكمة) |

## مرۆڤ لەسەر فیترەت لە دایك دەبێت

هەموو کەسێک لەسـەر فیترەت لە دایک ئەبێت، ئەویش بریتییە لە یەکخواپەرستی، هـەر وەکو پێغەمبەری خـوا (ﷺ) دەفەرمووێت: (كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَـلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ)، واتە: هەموو منداڵێك لەسەر فیترەت لە دایك ئەبێت، دایك و باوك دەیکەنە جولەکە یان نەصرانی یان مەجوسی.

# وانەی دووەم: ٢

## یەکخواپەرستی لە پەروەردگارێتی
## (التوحيد الربوبية)

دەسپێك



**خوای گەورە**

ئاسمانەکان و زەوی و چیا و ڕووبارەکانی درووستکردووە





**خوای گەورە**

خواردن و خواردنەوەمان پێ دەبەخشێت


### پێناسەی یەکخواپەرستی لە پەروەردگارێتی

دان پێدانانە بەوەی کە الله ڕۆزیدەر و بەڕێوەبەر و درووستکار و خاوەنی هەموو شتێکە.

### درووستکراوان بەڵگەن لەسەر خوای گەورە

ئەم گەردوونە گەورە و فراوانە و ئەوەیشی تێدایە وەکو شـەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ و ئەسـتێرەکان بەڵگەی ئەوەیە کە خاوەنێکی هەیە بە تەنها شایستەی پەرستنە ئەوەیش الله یە.





خـوای پـەروەردگار دەفەرمووێت: (وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ)، واتە: ئەگەر پرسـيار لە کافرەکانی قورەیـش بکەی کێ ئێوەی درووسـتکردووە؟ دەڵێن: بە دڵنیاییەوە خوا ئێمەی درووسـتکردووە، ئەی بۆ لە پەرستنی خوا لادەدەن بۆ پەرستنی جگە لە خوا؟!.

کەواتـە موشریکەکانیش ئەیان ووت خوای گەورە درووسـتکارە بەڵام تەنهـا بەم ووتنـە نەبوون بە موسڵمان چونکە لەگەڵ خوا شتی تریان دەپەرست.

## چالاکی ١

هەندێك لە بێباوەڕان پرسیاریان کرد لە ئیمامی (ئەبو حەنیفە) دەربارەی بوونی خوا، ئیمام ئەبو حەنیفە ووتی: جارێك مۆڵەتم بدەن بیر لە شتێك دەکەمەوە کە کەشتییەك لە دەریادا بە ئارەزووی خۆی دەڕوات بەبێ بوونی کەشتیوان و سەرپەرشتیار، ئەوانیش ووتیان: شتی وا چۆن دەبێت کەشتییەك بەبێ کەشتیوان هاتوچۆ بکات؟! ئیمام ئەبو حەنیفە ووتی: ئەی هاوار بۆ ئێوە ئەگەر کەشتییەك بەبێ خاوەن نەتوانێت هاتوچۆ بکات ئەی چۆن ئەم گەردوونە خاوەنی نییە،
ئەوانیش موسڵمان بوون

## ٣ وانەی سێیەم:

## یەکخواپەرستی لە پەرستندا
## (التوحید الألوهیه)

دەسپێك



نوێژ تەنها بۆ خوا دەکەین.

تەنها لە خوا دەپاڕێینەوە.



### پێناسەی یەکخواپەرستی لە پەرستندا

**یەکخواپەرستی لە پەرستندا، بە تاك دانانی الله یە لە پەرستندا.**

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ]
واتە: بەدڵنیاییەوە بۆ هەموو گەلێك پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووە بۆ ئەوەی خوا بە تاك و تەنها بپەرستن و دووربکەونەوە لە تاغوت.

## تاغوت:

هەر کەسێك جگە لە الله بپەرسترێت و ڕازی بێت پێی.

## نموونە لەسەر یەکخواپەرستی لە پەرستندا



1. داوای یارمەتی تەنها لە الله دەکەین.
2. تەنها پەنا بۆ الله دەبەین.
3. حەج تەنها بۆ الله دەکەین
4. سوجدە تەنها بۆ الله دەبەین

من یەکخواپەرستم

دەست دەگرم بە یەکخواپەرستی و بەردەوام دەبم لەسەری

## گرنگی یەکخواپەرستی لە پەرستندا

یەکخواپەرستی لە پەرستندا گرنگیەکی زۆر و پێگەیەکی مەزنی هەیە وەکو:

1. خوای گەورە مرۆڤ و جنۆکەی دروست کردووە بۆ پەرستنی خۆی بە تاك و تەنها.

خوای پەروەردگار دەفەرموویت: [وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ] ، واتە: من مرۆڤ و جنۆکەم درووست نەکردووە تەنها بۆ پەرستنی خۆم نەبێت.

(لِيَعْبُدُونِ) بمپەرستن، واتە بەتاك و تەنها پەرستنەکانتان بۆ من بێت.

## ٢ خوای گەورە پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە و کتێبەکانی دابەزاندووە بۆ پەرستنی خۆی بە تاك و تەنها.

خوای پەروەردگار دەفەرموویت: [وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ] ، واتە: لە پێش تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیلا وەحیمان بۆی ناردووە کە هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق شایستەی پەرستن بێت جگە لە الله کە تاك و تەنها و بێ شەریکە بۆیە بە تەنها پەرستنی من بکەن.

## ٣ بەبێ یەکخواپەرستی کاروکردەوەکان وەرناگیرێت

خوای پەروەردگار دەفەرموویت: [لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ] ، واتە: ئەگەر شەریك بۆ خوای گەورە ئەنجام بدەی ئەوا هەموو کاروکردەوەکانت بە تاڵ دەبێتەو و لە زەرەرمەندان دەبی.

## هەڵسەنگاندن

(١) پێناسەی یەکخواپەرستی لە پەرستن بکە.

(٢) تاغوت ..........................................................

(٣) بەڵگە چییە بەبێ یەکخواپەرستی کاروکردەوەکان وەرناگیرێت؟

# وانەی چوارەم: ٤
# یەکخواپەرستی لە ناو و سیفات (توحید الأسماء والصفات)

**دەسپێك**

شەوێك ئەمیری ئیمانداران ئیمامی عومەر ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ بە ناو شاردا دەگەڕا گوێی لە دەنگی ئافرەتێك بوو بە کچەکەی دەووت: ئاو تێکەڵی شیرەکە بکە بۆ ئەوەی زۆر ببێتەوە، بەڵام کچەکە ووتی: ئەی دایکە نەتبیستوە ئەمیری ئیمانداران قەدەغەی کردووە ئاو تێکەڵی شیر بکرێت، دایکەکە ووتی: ئێستا ئەمیری ئیماندارانی ئاگای لێی نییە، کچەکە ووتی: ئەگەر ئەمیری ئیمانداران ئاگای لێی نەبێت خۆ خوای پەروەردگار ئاگای لێیانە.


بۆچی کچەکە ڕازی نەبوو ئاو تێکەڵ بەشیرەکە بکرێت لە کاتێکدا ئەمیری ئیمانداران ئاگای لێیان نییە؟.

## فەزلی لەبەرکردنی ناوە جوانەکانی خوای پەروەردگار

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ( خوای پەروەردگار نەوەد و نۆ ناوی هەیە هەر کەسێك لەبەری بکات دەچێتە بەهەشتەوە).

واتە:

١. لەبەری بکات.
٢. واتاکانی بزانێت.
٣. کار و کردەوەی پێ بکات.
٤. کاریگەری هەبێت لەسەر ژیانی ڕۆژانەیدا.



## چالاکی ١

یەکێك لە عیبادەتە گەورەکان دوعا و پاڕانەوەیە بە ناو و سیفاتە جوانەکانی خوای پەروەردگار وەکو: یارب، یا حي ، یا قیوم.

## چالاکی ٢

خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووین بە ناو و سیفاتەکانی بپاڕێینەوە هەر وەکو دەفەرمووێت: (وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا)، واتە: ناوەکانی خوا هەموو جوان و پڕشکۆن ئێوەیش هەر بەو ناوانەوە بانگی بکەن.

## چالاکی خێزانی

لەگەڵ دایک و باوکم لە پەڕاوێکی دەرەکی چەند ناوێکی خوای پەروەردگار دەنووسم پاشان پیشانی مامۆستا دەدەم.

# یەكەی دووەم:
# عیبادەت

## ١ وانەی یەكەم: عیبادەت

دەسپێك



خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: (وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَٰلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ)، واتە: ئەهلی كتاب فەرمانیان پێ نەكرابوو تەنها بەوە نەبێت كە بە تاك و تەنها عیبادەتی خوا بكەن بە ئیخلاصەوە و لە شیرك لابدەن بەرەو یەكخواپەرستی وە نوێژ ئەنجام بدەن و زەكاتی ماڵەكانیان دەربهێنن، ئاینی ڕاست و دامەزراو ئەمەیە.

### پێناسەی عیبادەت

عیبادەت بریتییە لە

هەموو ئەو شتانەی كە الله پێی ڕازییە لە هەموو گوفتار و كردارێكی دیار و نادیار

(نوێژ)

(پشت بەخوابەستن)

(سبحان الله)

( ................ )

( ................ )

( ................ )

## پایەکانی عیبادەت

پایەکانی عیبادەت سێ دانەیە:

١ خۆشویستنی الله.   ٢ ترسان لە الله.   ٣ ئومێد و هیوا بوون بە الله.

## جۆرەکانی عیبادەت

عیبادەت دوو جۆرە: دیار و نادیار

**یەکەم: عیبادەتی دیار:**
بریتییە لەو عیبادەتانەی دیارن کە دەیان بینین یان دەیان بیستین وەکو نوێژ، خوێندنەوەی قورئان، زیکرویادی خوای پەروەردگار.

**دووەم: عیبادەتی نادیار:**
بریتییە لەو عیبادەتانەی کە شوێنیان دڵە، وەکو خۆشوویستنی خوای پەروەردگار و ترسان لێی، وە ئومێدبوون بە پاداشتەکان و پشت بەستن پێی.

## چالاکی ١

یەکێك لە زانایان پایەکانی عیبادەت ( خۆش وویستن ، ئومێدبوون ، ترسان) وەسف کردووە بە باڵندەیەك کە پێکهاتووە لە سەر و هەردوو باڵەکانی، چی دەبێت ئەگەر یەکێك لە باڵەکان لاوازبێت؟ ......................................



......................................

......................................

......................................

## چالاکی ٢

لەگەڵ هاوڕێکانم بۆ هەر جۆرێك لە جۆرەکانی عیبادەت نموونە دەهێنینەوە:

### جۆرەکانی عیبادەت

**عیبادەتی دیار**

**گوفتاری دیار**



وەکو: خوێندنەوەی قورئان

و ..........................

..............................

**کرداری دیار**





وەکو: نوێژ و حەجکردن

و ..........................

..............................

**عیبادەتی نادیار**

وەکو: ئیخلاص، و خۆشوویستنی خوا

و ......................

.............................



# کورتە چیرۆک

خێزانی عبدالله لە پاش تەواوبوونی نوێژی هەینی لە ماڵەوە دانیشتن و دەستیان بە گفتوگۆ کرد، لە بەرئەوەی مەریەمی کچیان جزئی ( عم و تبارك )ی لەبەرکردبوو وە ئامانجی کوڕیان سورەتی (البقرە)ی لەبەرکردبوو.

باوکیان ووتی: پرسیارتان لێ دەکەم بۆ ئەوەی بزانم کە قورئانتان لەبەرکردووە چی لێی تێگەشتوون؟

واتای (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ) چییە؟

مەریەم ووتی: من واتاکەی دەڵێم: هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت بە حەق جگە لە الله هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت: [فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ] واتە: بە تاك و تەنها عیبادەتی خوای پەروەردگار بکەن بەوپەڕی ئیخڵاصەوە، با کافرانیش پێیان ناخۆش بێت گوێیان پێ مەدەن.

ئامانج ووتی: بەڵێ ئەی باوکە الله بە تەنها شایستەی پەرستنە، ئێمە پەیکەر و هیچ درووستکراوێك ناپەرستین بەڵکو ئەو خوایە دەپەرستین کە درووستی کردووین.

باوك ووتی: ئافەرین مەریەم، ئافەرین ئامانج.

دایك ووتی: مانای عیبادەت چییە؟

ئامانج ووتی: بەڵێ عیبادەت بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە خوا پێی ڕازییە لە گوفتار و کرداری دیار و نادیارەکان، وەکو ڕەوشتی جوان و ڕۆژوو و نوێژ، هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت: [قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ]، واتە:ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: نوێژ و سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ الله یە کە پەروەردگاری هەموو جیهانە.

باوك ووتی: خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە.

دایك ووتی: ئەی کچی خۆم مەریەم هەستە پەرداخێك ئاو بۆ باوکت بهێنە.


مەریەم ووتی: ئەی دایکە پێویستە گوێڕایەڵیت بکەم چونکە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووین گوێڕایەڵی دایك و باوك بین.

| ٢ | وانەی دووەم: | # مەرجەکانی وەرگرتنی عیبادەت |
|---|---|---|

دەسپێك

لە شارێکدا کۆمەڵە خەڵکێکی هەژار هەبوون کاتێك ڕۆژ دەبوویەوە تورەکەی خواردنیان لە پێش دەرگاکانیان دەبینی کە لە شەودا دانرابوون، نەیان دەزانی کێ هێناویانن، کاتێك ( زین العابدین ) عەلی کوڕی حسین - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - کۆچی دوایی کرد، کەس نەبوو لەشەودا خۆراك بهێنێ، بۆیان دەرکەوت ئەو کەسە ئەو بووە خۆراکی لە دەرگای ماڵە هەژارەکاندا داناوە، لە کاتی شۆردنی تەرمەکەی شوێنەواری هەڵگرتنی تورەکەی خوراك بەسەر پشتەوە دیار بوو.

- ( زین العابدین) لەسەر چ شتێك سوور بوو لە بەخشینی خۆراك بە هەژاراندا؟



بۆ وەرگرتنی عیبادەت دوو مەرج هەیە ئەوانیش:

### ئیخڵاص بۆ خوای پەروەردگار

لە کاتی عیبادەت کردن تەنها مەبەستمان خوای پەروەردگار بێت، ئومێدمان بە پاداشتەکان و ترسمان لە سزاکان هەبێت.

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ] واتە: ئەهلی کتاب فەرمانیان پێ نەکرابوو تەنها بەوە نەبێت کە بەتاك و تەنها عیبادەتی خوا بکەن بەئیخڵاصەوە و لە شیرك لابدەن بەرەو یەکخواپەرستی.

### شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

عیبادەت ئەنجام بدەین بەو شێوازەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێناویەتی بەبێ زیاد و کەم کردنەوە.

هەر وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت:(مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ) واتە (هەر کەسێك کردەوەیەك ئەنجام بدات فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا وەرناگیرێت).

ئەگەر ئەو کردەوەیە مەبەستمان خۆبەهێزکردن بێت بۆ عیبادەتی خوای پەروەردگار ئەوا دەبێتە عیبادەت و پاداشتی لەسەر وەردەگرین، ئەمیش لە گەورەیی و بەخشیشی خوای پەروەردگارە.


| ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
|---|---|---|---|
| خەوتن | خوێندن | خواردنەوە | خواردن |
|  |  |  |  |



## چالاکی ١

• من زوو دەخەوم وە بە دایک و باوکم دەڵێم بەخەبەرم بهێننەوە بۆ نوێژی بەیانی.





• ئایا گفتوگۆ و نووسینەوەی ڕێگاکانی بە ئاگاهاتنەوە بۆ نوێژی بەیانی بە عیبادەت دەژمێردرێت؟
ڕوونی بکەرەوە:

..........................................................................................................

..........................................................................................................

# یەکەی سێیەم: زانست

## وانەی یەکەم: ١ ئەو زانستەی پێویستە بیزانین

پێویستە مرۆڤ فێری ئەم چوار بنەمایە ببێت کە خۆش بەختی دونیا و دوارۆژی پێوە بەندە:

١ فێربوونی زانست
٢ کردەوە پێکردنی
٣ بانگەواز کردن بۆی
٤ ئارامگرتن لەسەر ئازارەکانی

### ئەو زانستەی پێویستە بیزانین

١ ناسینی خوای پەروەردگار
٢ ناسینی پێغەمبەری خوا(ﷺ)
٣ ناسینی ئاینی ئیسلام بە بەڵگەوە

### بەڵگەی پێویستێتی فێربوونی ئەم زانستە بەسوودانە:

**پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت:** کاتێك موسڵمانێك دەخرێتە ناو گۆڕ ڕوحەکەی دەگەڕێتەوە ناو لاشەی، دوو فریشتە دێن بۆ لای و دایدەنشێنن، پێی دەڵێن: کێ پەروەردگارتە؟ ئەویش دەڵێت: پەروەردگارم الله یە، پێی دەڵێن: ئاینت چییە؟ ئەویش دەڵێت: ئیسلام ئاینمە، پێی دەڵێن: ئەو پیاوە کێیە کە بۆتان نێردرابوو؟ ئەویش دەڵێت: پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، پێی دەڵێن: چۆن زانیت؟ ئەویش دەڵێت: کتێبەکەی خوا (قورئانم) خوێندەوە و باوەڕم پێهێنا و بەڕاستم زانی.

بەڵام بۆ جگە موسڵمان، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت: کاتێك جگە لە موسڵمان دەخرێتە ناو گۆڕ ڕوحەکەی دەگەڕێتەوە ناو لاشەی، دوو فریشتە دێن بۆ لای و دایدەنشێنن، پێی دەڵێن: کێ پەروەردگارتە؟ ئەویش دەڵێت: چی چی نازانم، پێی دەڵێن: ئاینت چییە؟ ئەویش دەڵێت: چی چی نازانم، پێی دەڵێن: ئەو پیاوە کێیە بۆتان نێردرابوو؟ ئەویش دەڵێت: چی چی نازانم.

## یەکەم: ناسینی خوای پەروەردگار

ئەو خوایەیە کە:

- دروستکارە
- خاوەن و بەڕێوەبەری هەموو دروستکراوەکانە
- ڕۆزی دەرە
- شایستەی پەرستنە بە تاك و تەنها و هاوشێوەی نییە.

## هۆکارەکانی ناسینی خوای پەروەردگار

ئەو هۆکارانەی یارمەتی دەرن لە ناسینی خوای پەروەردگار:


١
خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لەگەڵ فێربوونی ناو و سیفاتەکانی خوای پەروەردگار کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە.



٢
تێفکران و تێڕامان لە دروستکراوەکان کە بەڵگەن لەسەر گەورەیی خوای پەروەردگار.



## دووەم: ناسینی پێغەمبەری خوا (ﷺ)



### ناسینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمانە دەگرێتەوە:

- ناو و ڕەچەڵەکی
- ڕەوشتی
- کێ ناردوویەتی؟ بۆچی نێردراوە؟ بۆ کێ نێردراوە؟
- هەستانی بە بانگەوازکردن بۆ لای خوای پەروەردگار.
- ئارامگرتن لەسەر ئازارەکانی بانگەواز کردن.


## هۆکارەکانی ناسینی پێغەمبەری خوا (ﷺ)



١ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، لەگەڵ فێربوونی ئەو ئایەتانەی دەربارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەدوێت.

٢ خوێندنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کتێبەکانی فەرموودە.

٣ خوێندنەوەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کتێبەکانی ژیاننامە.



## سێیەم: ناسینی ئاینی ئیسلام

ناسینی ئاینی ئیسلام سێ پلە دەگرێتەوە:

# پلەکانی ئایین




## هۆکارەکانی ناسینی ئاینی ئیسلام

١ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و فێربوونی ڕێسا و حوکمەکانی.

٢ خوێندنــەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ فێربوونی ڕێســا و حوکمەکانی.

## وانەی دووەم: ٢

# فەزڵ و گرنگی زانست

### زانست و جۆرەکانی

زانســت بریتییە لەو بیرۆکە و زانین و بەرنامانەی کە ســوود بە مرۆڤ دەگەیەنێت، وە زانستیش دەبێت بە دوو بەشەوە ( زانستی شەرعی و زانستی گشتی )

### فەزڵی زانستی شەرعی

فێربوونی زانستی شەرعی فەزڵی زۆری هەیە لەوانەش:

**فەزڵی یەکەم**

**زانستی شەرعی پلەی خاوەنەکەی بەرزدەکاتەوە**

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾، واتە: ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە لە ئێوە وە زانستی شەرعیان وەرگرتووە خوای پەروەردگار پلە و پایەیان بەرز دەکاتەوە.

**فەزڵی دووەم**

**زانستی شەرعی ڕێگەیەکە بۆ گەشتن بە بەهەشت**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت: هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێتەبەر بۆ فێربوونی زانستی شەرعی خوای پەروەردگار ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.

**فەزڵی دووەم**

**فێربوونی زانستی شەرعی نیشانەی خۆش بەختییە**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت: ئەگەر خوای پەروەردگار وویستی چاکەکاری بۆ هەر کەسێك بوێت ئەوا شارەزای دەکات لە ئایینەکەی.

پێویستە لەسەر موسڵمان بەردەوام بێت لە فێربوونی زانستی شەرعی لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. فێربوونی زانستی شەرعی لە باشترین کردەوە چاکەکانە.

٢. عیبادەت وەرناگیرێت ئەگەر ئیخلاصی لەگەڵ نەبێت و لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) نەبێت، ئەمەش تەنها بە فێربوونی زانستی شەرعی بە دەست دێت.

٣. زانستی شەرعی هۆکارێکە بۆ ڕزگاربوونی خاوەنەکەی لە گومڕایی دونیا و سزای دواڕۆژ.



# ٣ وانەی سێیەم: کردەوە کردن بە زانست



فێربووم کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووم
بە نوێژ کردن بۆیە نوێژەکانم بە جوانی
ئەنجام دەدەم.

فێربووم خوای پەروەردگار وریای
کردومەتەوە لە شیرك
بۆیە لە شیرک خۆم دەپارێزم.



فێربووم کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووم
بە تاك و تەنها لێی بپاڕێمەوەبۆیە تەنها
لە خوا دەپاڕێمەوە.

## واتای کردەوەکردن بە زانست

بریتییە لە جێبەجێ کردنی ئەو شتانەی فێری دەبین

### ١ بیروباوەڕی درووست، وەکو:

أ. ئەو باوەڕەی کە هیچ کەسێك توانای بەڕێوەبردنی گەردوونی نییە جگە لە الله

ب. ئەو باوەڕەی کە هیچ شتێك شایستەی پەرستن نییە جگە لە الله

### ٢ کردەوەکردن بەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکردووە، وەکو:

أ. ئەگەر بزانین پێویستە بە ئیخلاصەوە لەخوا بپاڕێینەوە، ئەوا پێویستە لەسەرمان بە تاك و تەنها لە خوا بپاڕیینەوە و هاوار لە جگە لە الله نەکەین

ب. هەر وەکو چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری نوێژی کردووین بەو شێوازە نوێژ ئەنجام دەدەین.

### ٣ وازهێنان لەو شتانەی کە خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەیان کردووە، وەکو:

أ. چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری نوێژی کردووین بەو شێوازە نوێژ ئەکەین.

ب. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکردووین بە ڕەوشت جوانی، کەواتە ڕەوشتم جوان دەکەم.

## بەڵگەی کردەوەکردن بە زانست

پێغەمبەری خـوا (ﷺ) دەفەرمووێت: پێیەکانی بەندە ناجوڵێت لە ڕۆژی دوایدا تاوەکو پرسیاری چوار شتی لێ نەکرێت، تەمەنی بە چی بەسەر بردووە، کردەوەی بە زانستەکەی کـردووە، ماڵەکەی چۆن بەدەستهێناوە و چۆن خەرجی کردووە، وە جەسـتەی لە چیدا بەسەربردووە.

## سەرزەنشتی کردەوە نەکردن بەو شتانەی دەیزانین

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا سەرزەنشتی ئەو کەسانەی کردووە کە زانستیان هەیە و کردەوەی پێ ناکەن، هەر وەکو دەفەرمووێت: [مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ]، واتە: جوولەکە کە تەوراتیان وەرگرت بۆ کارپێکردن پاشـان وەکو خۆیان هەڵیان گرت و کاریان پێ نەکرد، نموونەی ئەمانە وەکو نموونەی کوێدرێژێك وایـە کە بارێك کتێب هەڵبگرێ نازانێ کە لەسـەری یەوە چەندێك زانسـت و کتێبی بە نرخی تێدایە و لێی سـودمەند نابێت، کە ئەمەش خراپترین نموونەی گەلێکە کـە ئایەتەکانی خوای پەروەردگار بە درۆ ئەزانن، وە خوای پەروەردگار هیدایەتی ئەو کەسانە نادات کە ستەمکارن.

## هەڵسەنگاندن

(١) کردەوەکردن بەزانست چی دەگرێتەوە؟

(٢) نموونە بهێنەرەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە لەسەر کردەوەکردن بە زانست:

أ. بیروباوەڕی درووست.
ب. کردەوەکردن بەوەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرمانیان پێکردووە.
ج. وازهێنان لەو شتانەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) قەدەغەیان لێ کردووە.

# یەکەی چوارەم: ناسینی خوای پەروەردگار

## وانەی یەکەم: 1 ناسینی خوای پەروەردگار

### ناسینی خوای پەروەردگار

پەروەردگارم پەروەردەی کردووم و پێــی گەیاندووم وە هەموو درووســتکراوەکانی پێگەیاندووە بە نیعمەتەکانی.

### مەبەست بە پەروەردگار چییە؟

پەروەردگار، درووستکار و ڕۆزی دەر و بەڕێوەبەر و خاوەنی هەموو گەردوونە.



ﷲ پەروەردگارمە،

پەرستراوی منە و هیچ پەرستراوێك نییە جگە لە ئەو

ﷲ پەروەردگارمە،

کە درووستی کردووم وە هەموو درووستکراوەکانی درووست کردووە.

## بەڵگە لەسەر پەروەردگارێتی ﷲ



[الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ]



[الْحَمْدُ لِلَّهِ]، واتە: ستایشی خوای پەروەردگار، لەگەڵ خۆش ویستن و بە گەورە ڕاگرتن.

[الْعَالَمِينَ]، واتە: جیهانی هەموو درووستکراوەکان، وەکو جیهانی فریشتەکان، جیهانی مرۆڤەکان ، جیهانی جنۆکەکان ، جیهانی باڵندە و گیان لەبەر و بێ گیانەکان (بەرد و شاخ ...هتد).

## خوای پەروەردگار گەشەی پێ کردووم بە نیعمەتەکان

١ نیعمەتی دیار: وەکو: خواردن، خواردنەوە، هەوا.

٢ نیعمەتی نادیار: وەکو: هیدایەتمان بۆ ئیسلام و یەکخواپەرستی و شوێنکەوتنی پێغەمبەر (ﷺ).




# ٢ وانەی دووەم: بەڵگەکانی ناسینی خوای پەروەردگار

## چۆن پەروەردگار بناسینەوە؟

### پەروەردگار دەناسمەوە بە شتانێکی زۆر، لەوانە:

١ پەروەردگارم دەناسمەوە بە نیشانە گەردوونییەکان، لە گەورەترینیان شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ، هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت: [وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ] واتە: یەکێك لە نیشانەکانی تاك و تەنهایی و توانا و دەسەڵاتی خوای پەروەردگار شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگە.



٢ پەروەردگارم دەناسمەوە بە نیشانە سەرسوڕهێنەرەکانی، لە گیانلەبەران وەکو وشتر، و ئاسمانی ڕاگیراو، و کێوە چەسپاوەکان، و زەوی تەختکراو، هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت: [أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ (١٧) وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ (١٨) وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ (١٩) وَإِلَى الْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ]، واتە: ئایا تەماشای وشتر ناکەن چۆن درووستکراوە، وە تەماشای ئاسمان ناکەن کە بەبێ کۆڵەکە ڕاوەستاوە، وە تەماشای زەوی ناکەن چۆن ڕاخراوە تاوەکو سوودی لێ ببینن.



٣ پەروەردگارم دەناسمەوە بە دابارینی باران لە ئاسمانەوە کە دەبنە هۆکاری ژیانەوەی زەوی.




٤ پەروەردگارم دەناسمەوە بە وەڵامدانەوەی دوعا و پاڕانەوەکانمان.




## ئەگەر بەندە خوای ناسی پێویستە چی بکات؟

کاتێك خوای پەروەردگارم ناسی پێویستە لەسەرم بە ئیخلاصەوە عیبادەتی بکەم و عیبادەتی جگە لەو نەکەم هەر وەکو دەفەرمووێت: [يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ]، واتە: ئەی خەڵکینە عیبادەتی ئەو پەروەردگارەتان بکەن کە ئێوەی درووستکردووە و ئەوانەی پێش ئێوەشی درووستکردووە بەڵکو تەقوای خوا بکەن و لێی بترسن.

## نموونە لەسەر عیبادەتی خوای پەروەردگار

- خوام خۆش دەوێت، چونکە درووستی کردووم و ڕۆزی پێ بەخشیوم و هیدایەتی داوم بۆ ئیسلام.
- نوێژەکانم ئەنجام دەدەم، چونکە خوای پەروەردگار فەرمانی بە ئەنجامدانی نوێژ کردووە.

- ئومێدم بە ڕەحمی خوا هەیە، چونکە بە ڕەحم و بە بەزەییە.
- لە خوا دەترسم، چونکە سزاکەی زۆر سەختە.
- بەردەوامم لەسەر تەوبەکردن، چونکە خوای پەروەردگار تەوبەکارانی خۆش دەوێت.

## چالاکی ١

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە موعازی کوڕی جەبەل دەفەرمووێت: ئایا دەزانی حەقی خوا لەسەر بەندەکانی چییە؟ موعاز ووتی: خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەزانێت: فەرمووی (ﷺ): (حەقی خوا بەسەر بەندەکانی ئەوەیە کە بە تەنها بیپەرستن و شەریکی بۆ بڕیار نەدەن).

ئەم فەرموودەیە باسی مافەکانی خوا دەکات بەسەر بەندەوە، ئەو مافانە چین؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە

مافی یەکەم ..............................................................................

مافی دووەم ..............................................................................

## هەڵسەنگاندن

① سێ لە نیشانە گەردوونیەکان بۆ ناسینی خوای پەروەردگار بژمێرە.

.............................. .............................. ..............................

② کاتێك خوای پەروەردگارت ناسی پێویستە چی بکەیت؟

## پاداشتی ئەو کەسەی گوێڕایەڵی خوا دەکات و سزای ئەو کەسە سەرپێچی خوا دەکات

- هەر کەسێك عیبادەتی خوا بکات و گوێڕایەڵی بێت و فەرمانەکانی جێبەجێ بکات و دووربکەوێتەوە لە قەدەغەکراوەکان ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە،

هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ] واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بکات ئەوا خوای پەروەردگار دەیخاتە ناو بەهەشتەوە.

- هەر کەسێك سەرپێچی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بکات و سنورەکان تێپەڕ بکات ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە

هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ]، واتە: هەر کەسێك سەرپێچی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بکات و سنورەکان ببەزێنێ ئەوا دەچێتە ناو دۆزەخەوە و بەهەتایی تێدا دەمێنێتەوە، وە سزایەکی دەدات کە تێدا سەرشۆڕ و زەلیلی دەکات.



# وانەی چوارەم: ٤
# لە جۆرەکانی عیبادەت: دوعا و هانا بۆ بردن

خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووین بە عیبادەت کردن، بۆیە پێویستە لەسەرمان بە ئیخلاصەوە ئەنجامی بدەین و شەریکی بۆ بڕیار نەدەین، وە لە گەورەترین عیبادەت دوعا و پاڕانەوەیە.

## دوعا و پاڕانەوە



### پێناسەی دوعا و پاڕانەوە

دوعا: داواکردنی بەندە لە خوای پەروەردگار بۆ بەجێهێنانی پێویستییەکان.

خوای پەروەردگار دەفەرموویت: [ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ ] پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لە من بکەن و لە من بپاڕێنەوە، منیش وەڵامتان دەدەمەوە.

### نموونە لە دوعا و پاڕانەوە

داواکردن بۆ بەجێهێنانی پێویستییەک لە پێویستییەکانی ڕۆژی قیامەت:

- خوایە بمخەرە بەهەشتەوە و لەئاگری دۆزەخ دوورم خەرەوە.
- خوایە لێم خۆشبە و لە دایك و باوکم خۆشبە و لە هەموو موسڵمانان خۆشبە.
- خوایە هیدایەتم بدە بۆ سەر ڕێگای ڕاست و دوورم خەرەوە لە ڕێگا چەوتەکان

## داواکردن بۆ بە جێهێنانی پێداویستییەکانی دونیا:

- خوایە ڕزق و ڕۆزی حەڵاڵم پێ ببەخشە.
- خوایە یارمەتیم بدەی لە خوێندن.
- خوایە شیفای دایکم بدەی.

## چالاکی ١

لەگەڵ هاوڕێکانم چەند جۆرێك لە دوعا و پاڕانەوە دەنووسین:

| دوعا بۆ پێویستی ڕۆژی قیامەت | دوعا و پاڕانەوە بۆ پێویستی دونیا |
|---|---|
| ١ .................................. | ١ .................................. |
| ٢ .................................. | ٢ .................................. |



## گرنگی دوعا و پاڕانەوە

دوعا و پاڕانەوە لە باشترین و گەورەترین عیبادەتەکانە، هەر وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت: (الدُعاءَ هُوَ العِبادَةُ) واتە دوعا و پاڕانەوە عیبادەتە

## دوعا و پاڕانەوە لە جگە لە خوا

درووست نییە داوای شتانێك لە جگە لە خوای پەروەردگار بکەین ئەگەر توانای بە سەردا نەبوو، هەر کەسێك ئەم کارە بکات ئەوا شەریکی بۆ خوای پەروەردگار بڕیار داوە.

خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: [وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ]، واتە: هەر کەسێك لەگەڵ ﷲ لە خوایەکی تر بپاڕێتەوە ئەو هیچ بەڵگەی پێ نییە لەو شتە و ئیشەکەی نابێتە بەڵگە بۆ خەڵکی تر، وە لێپرسینەوەی ئەو کەسە لای خوای پەروەردکارە چۆن سزای دەدات، بە دڵنییایەوە خوای پەروەردگار ئەو کەسە کافرانە سەرفراز ناکات.

# هانا بردن (الاستغاثة)

## پێناسەی هانا بردن

**هانا بردن:** بریتییە داواکردن بۆ لابردنی بەڵا و ناڕەحەتی

## جۆرەکانی هانا بردن بۆ جگە لە خوا

**یەکەم:** هانا بردن بۆ جگە لە خوا لەو شتانەی کە دەسەڵاتی بەسەردا نییە، هەر کەسێك ئەمە ئەنجام بدات ئەوا هاوبەشی بۆ خوای پەروەردگار بڕیار داوە، وەکو هانا بردن بۆ مردوان.

**دووەم:** هانا بردن بۆ کەسێکی زیندوی بە توانای ئامادەبوو، ئەم جۆرەیان دروستە، وەکو: کەسێك خەریکە دەخنکێت داوا لەکەسێك دەکات ڕزگاری بکات.


## هەڵسەنگاندن

١ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:

أ. دوعا و پاڕانەوە.
ب. هانا بردن (الاستغاثە)

٢ نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) بۆ ئەمانەی خوارەوە دابنێ

أ. هانا بردن بۆ کەسێکی زیندووی ئامادەبوو بۆ ڕزگار بوون لە خنکان ( ).
ب. داوای لێخۆش بوون لە خوای پەروەردگار ( ).
ج. هانا بردن بۆ کەسێکی نادیار بۆ ڕزگاربوون لە خنکان ( ).



شـەیتان هەوڵـی گومڕاکردن و خـراپ کردنی خەڵکـی دەدات، و بانگیـان دەکات بۆ ئەنجامدانی خراپەکاری و وازهێنان لە چاکەکاری، وەکو سەرەتا هەوڵ دەدات موسڵمان قورئان نەخوێنێتەوە ئەگەر توانای ئەمەی نەبوو پاشان هەوڵ دەدات لە کاتی خوێندنەوەی ئاگای لە ئایەتەکان نەمێنێت، بۆیە خوای پەروەردگار فەرمان دەکات پەنا بە خوا بگرین لە شەیتانی نەفرین لێکراو.

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ]، واتە: کە وویستت قورئانی پیرۆزی بخوێنی پەنا بگرە بەخوای پەروەردگار لە شەیتانی نەفرین لێکراو.

## پەناگرتن (الاستعاذة)

### پێناسەی پەناگرتن (الاستعاذە)

پەناگرتن: بریتییە لە پەناگرتن بە خوای پەروەردگار بۆ پاراستنی لە هەموو خراپەیەك.

### مانای (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)

موسڵمان کە ووتی: (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)، واتە خۆی پەناداوە بە خوای پەروەردگار و داوای پاراستنی کردووە لە شەیتانی نەفرین لێکراو و وەسوەسەکانی.

# داوای یارمەتی کردن (الاستعانة)

## پێناسەی داوای یارمەتی کردن (الاستعانة)

داوای یارمەتـــی کردن، بریتییە داوای یارمەتی لە خوای پەروەردگار لە کاروباری ئاین و دونیا.

## موسڵمان تەنها داوای یارمەتی لە پەروەردگار دەکات

موســڵمان هەمیشە داوای یارمەتی لە پەروەردگاری دەکات، وە داوای یارمەتی لە جگە لە پەورەردگار ناکات لە شتانێك کە توانایان بەسەریدا نەبێت چونکە هاوبەش بڕیاردانە هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت: [إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ]، واتە: خوایە تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین.

## هەڵسەنگاندن

١ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە.

أ. پەناگرتن (الاستعاذة) ..........................................................

ب.داوای یارمەتی کردن (الاستعانة)..........................................................

# وانەی شەشەم: ٦ لە جۆرەکانی عیبادەت: ترسان و ئومێدبوون

## ترسان (الخَوفُ)

### پێناسەی ترسان (الخَوف)

ترسان: بریتییە لە کرداری دڵ کەوا لە خاوەنەکەی دەکات فەرزەکان جێبەجێ بکات و دووربکەوێتەوە لە سەرپێچییەکان.

### ترسانی ستایشکراو

ترسـانی ستایشکرا لە خوای پەروەردگار وا لە بەندە دەکات فەرزەکان جێبەجێ بکات و دووربکەوێتـەوە لە تاوانەکان لەبەر بە گەورە ڕاگرتنی خوای پەروەردگار و ترسـان لەسزاکانی.

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [فَلَا تَخَافُـوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنتُمْ مُؤْمِنِينَ]، واتە: ئەی باوەڕداران ئێوە لە کافران مەترسن بەڵکو تەنها لە من بترسن ئەگەر بڕوادارن.

### پاداشتی ترسان لە خوای پەروەردگار

خوای پەروەردگار بەڵێنی چوونە بەهەشتی بەو کەسانە داوە کە لێی دەترسن هەر وەکو دەفەرموێت: [وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى (٤٠) فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى]، واتە: ئەو کەسـەی لە گەورەیی و دەسەڵاتی پەروەردگار ترسـابێت و نەفسی لە هەوا و ئارەزوو گردبێتەوە، جا ئەوە بێگومان بەهەشتە جێگا و مانەوەی.

## بەرهەمی ترسان لە خوای پەروەردگار

١ پاڵنەرە بۆ ئەنجامدانی چاکە.
٢ ڕێگرە لە ئەنجامدانی قەدەغەکراوەکان.
٣ ڕێگای گەشتنە بە بەهەشت.

## جۆرەکانی ترسان لە جگە خوا

أ دروست نییە بۆ موسڵمان لە جگە لە خوا بترسێت لە شتانێك تەنها خوای پەروەردگار توانای بەسەریدا هەیە، هەر کەسێك ئەم ترسەی لە دڵدا بێت ئەوا هاوبەشی بۆ خوا بڕیار داوە.

وەکو: ترسان لە پەیکەر و مردوان کە تووشی نەخۆشی و خراپەی بکەن، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ]، واتە: ئەوەی کە داتان ئەنیشێنێت و نایەڵێ دەربچن بۆ جیهاد و ئەتانترسێنێ ئەوە شەیتانە کە ترسی دۆستەکانی خۆی لە کافران ئەخاتە دڵی باوەڕداران، ئەی باوەڕداران ئێوە لە کافران مەترسن بەڵکو تەنها لە من بترسن ئەگەر بڕوادارن.

ب ترسانی ئاسایی: ئەم جۆرە ڕێگە پێدراوە وەکو ترس لە مار و ئاگر و ترسان لە خنکان و هاوشێوەکانی.

## ئەو هۆکارانەی یارمەتی دەرن بۆ ترسان لە خوای پەروەردگار

١ هەست کردن بەوەی کە خوای پەروەردگار چاودێرە بەسەرمانەوە لە هەموو کات و شوێنێك.
٢ زانینی دابەزاندنی سزاکانی خوای پەروەردگار بۆ ئەو کەسانەی تاوان ئەنجام دەدەن.
٣ تێگەشتن لە ناو و سیفاتەکانی خوای پەروەردگار، وەکو زانایە، بیسەرە، بینەرە.

# ئومێدبوون ( الرجاء )

## پێناسەی ئومێدبوون ( الرجاء )

**ئومێدبـوون:** بریتییـــە لە ئومێدبوونی بەندە بە پاداشـــت و ڕەحمەت و لێخۆش بوونی خوای پەروەردگار.

## ئومێدبوونی بە سوود و ئومێدبوونی بێ سوود

**ئومێدبوونی بە سـوود:** بریتییە لەو ئومێدەی کە کردەوەی چاکی لەگەڵدایە و دەست گرتن بە هۆکارەکانی گەشتن بە ڕەزامەندی خوای پەروەردگار.

**ئومێدبوونی بێ سوود:** بریتییە لەو ئومێدەی کردەوەی لەگەڵدا نییە.

## بەرهەمی ئومێدبوون

١ بەردەوام بوون لەسەر چاکەکاری.
٢ هەست کردن بە شیرینی ئیمان.
٣ هاندەرێکە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاك.

## هەڵسەنگاندن

١ سێ لەو شتانە باس بکە کە یارمەتی دەرن لە ترسان لە خوای پەروەیردگار

.................................... .................................... ....................................

٢ بەرهەمی ئومێد بوون.

.................................... .................................... ....................................

## ٧ وانەی حەوتەم: لە جۆرەکانی عیبادەت: پشت بەستن

سپێدەی هەموو ڕۆژێك باڵندەکان لە هێلانەکانیان دەردەچن و دەفڕن بە ئاسماندا بۆ گەڕان بە دوای خواردندا، بە سکی تێر دەگەڕێنەوە و خواردن بۆ بێچوەکانیان دەهێننەوە.




- ئایا باڵندە پێش دەرچوونی لە هێلانەکەی دەیزانی ڕۆزییەکەی لە کوێیە؟
- ئایا دەرچوونی باڵندەکان و هەوڵ دانیان هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی ڕۆزی؟

## پشت بەستن ( التَوَكُّلُ )

### پێناسەی پشت بەستن ( التوکل )

پشت بەستن: بریتییە لە پشت بەستن بە خوای پەروەردگار بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە دەتەوێت یان لابردنی شتە ناخۆشەکان، لەگەڵ دەست گرتن بەهۆکارە شەرعییەکان.

## حوکمی پشت بەستن ( التوکل ) بە خوای پەروەردگار

پشـــت بەستن بە خوای پەروەردگار پێویستە، وە پشـــت بەستن بە جگە لە خوا شەریك بڕیاردانە.
خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ]، واتە: پشـــت بە خوای پەروەردگار ببەستن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن.

## پشت بەستن بە خوای پەروەردگار دژی دەست گرتن بە هۆکارەکان نییە

پشت بەستن بەخوای پەروەردگار دژی دەست گرتن نییە بە هۆکارە ڕێپدراوەکان، بەڵکو پێویستە موسڵمان پشت بە خوای پەروەردگار ببەستێت و دەست بە هۆکارە ڕێپێدراوەکان بگرێـــت، هەر وەکو هاوەڵی خۆشەویســـت عەمـــری کوڕی ئومەیە دەڵێـــت: ووتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووشترەکەم بەڕەڵا بکەم و پشت بە خوا ببەستم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ووشترەکەت ببەستەوە و پشت بەخوا ببەستە.

نموونەیەکی تر:
وانەکانت بەجوانی بخوێنە و پشت بە خوا ببەستە.


## وازهێنان لە هۆکارە ڕێپێدراوەکان تەمبەڵی و پاڵدانەوەیە

کارنەکردن و وازهێنان لە هۆکارە ڕێپێدراوەکان پێی ناووترێت پشت بەستن بە خوا بەڵکو تەمبەڵی و بێ دەسەڵاتی و سەرزنشت کراوە.

وەکو کەسێك لە ماڵەوە دابنشێت و هەوڵ نەدات بۆ کارکردن پاشان چاوەڕوانی ڕۆزی بکات.

## بەرهەمی پشت بەستن بەخوا

هەر کەسێك پشت بە خوا ببەستێت ئەوا خوای پەروەردگار کاروبارەکانی بۆ ئاسان دەکات، هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ]، واتە: هەر کەسێك پشت بە خوا ببەستێت و کارەکانی پێ بسپێرێ و متمانەی بە خوای گەورە بێت ئەوە خوای گەورەی بەسە بەوەی کاروبارەکانی جێبەجێ بکات.



# ٨ وانەی هەشتەم: لە جۆرەکانی عیبادەت: خشوع و گەڕانەوە

## خشوع

### پێناسەی خشوع

خشوع: بریتییە لە ملکەچ بوون لە ئاست گەورەیی خوای پەروەردگار.

### خشوع عیبادەتە

خشـــوع عیبادەتێکی گەورەی دڵە تەنها بۆ خوای پەروەردگارە، موسڵمان بۆ جگە لە خوا ملکەچ نابێت، هەر وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ]، واتە: بەدڵنیاییەوە ئەو پێغەمبەرانە دەست پێشخەریان کرد لە کــردەوەی چاکە، لێیان دەپاڕانەوە عیبادەتیان دەکــرد و هیوایان هەبوو لە خێر و چاکە و لە دۆزەخ دەترسان، لە ئاست ئێمە هەموو کات خۆبەکەم زان و ملکەچی کار و فەرمانی ئێمە بوون.

## گەڕانەوە (الإنابة)

### پێناسەی گەڕانەوە (الإنابة)

گەڕانەوە: گەڕانەوەیە بۆ لای خوای پەروەردگار بە تەوبەکردن و بەردەوام بوون لەسەر عیبادەت.

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ]، واتە: بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە و تەوبە بکەن وە خۆتان تەسلیمی خوای گەورە بکەن.

# ٩ وانەی نۆیەم: لە جۆرەکانی عیبادەت: سەربڕین و نەزرکردن

موشریکەکانی سـەردەمی نەفامی کاتێك خانوویەکی تازەیان بکردایە یان ترسـیان لە ئازاری جنۆکە ببوایە ئەوا ئاژەڵێکیان سەردەبڕی تاوەکو جنۆکەکان ئازاریان نەدەن.

## سەربڕین (الذبح)

### پێناسەی سەربڕین (الذبح)

سەبڕین: بریتییە لە نزیك بوونەوە لە خوای پەروەردگار بە سەربڕینی ئاژەڵێك بۆ گەورە ڕاگرتنی خوای پەروەردگار.

### سەربڕین تەنها بۆ خوای پەروەردگار دەکرێت

سـەربڕین عیبادەتێکی گەورەیە تەنها بۆ خوای پەروەردگار دەکرێت، سەربڕین بۆ جگە لە خوا شیرك و هاوبەش بڕیاردانە.

١ خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ]، واتە: ئەی **محمد** (ﷺ) نوێژ و سەربڕینەکانت تەنها بۆ خوای پەروەردگار بێت.

٢ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت: (لەعنەتی خوا لەو کەسـە کە سـەربڕین بۆ جگە لە خوا ئەنجام دەدات).

## نموونەکانی سەربڕین بۆ خوای پەروەردگار

١ ئاژەڵی قوربانی.
٢ گوێزەبانە.
٣ هەدی (کاروباری حاجییانە لە حەج).

## نموونەکانی سەربڕین بۆ جگە لە خوا

١ سەربڕین بۆ پەیکەر
٢ سەربڕین بۆ جنۆکە

# نەزرکردن (النذر)

## پێناسەی نەزرکردن (النذر)

نەزرکردن: بریتییە لەوەی کەسێك شتێك لەسەر خۆی فەرز بکات بە بێ ئەوەی خوا لەسەری فەرزکردبێت.


نموونە: کەسێك بڵێت ئەگەر لە تاقیکردنەوە دەربچم ئەوا ڕۆژێك بە ڕۆژوو دەبم.

## حوکمی جێبەجێ کردنی نەزر کردن

هەر کەسێك نەزربکات بۆ خوای پەروەردگار پێویستە نەزرەکەی جێبەجێ بکات، خوای پەروەردگار ستایشی ئەو کەسانە دەکات کە نەزرەکانیان جێبەجێ دەکەن.
خوای پەروەردگار دەفەرموێت:[يُوفُونَ بِالنَّذْرِ]، واتە: ئەگەر لە دونیا نەزرێکیان کردبێت وەفایان هەیە بۆ جێبەجێ کردنی.

## حوکمی نەزرکردن بۆ جگە لە خوا

نەزرکردن عیبادەتە دروست نییە بۆ جگە لە خوا ئەنجام بدرێت، هەر کەسێك نەزر بۆ جگە لە خوا ئەنجام بدات ئەوا شیرك و هاوبەشی بۆ خوا بڕیار داوە.



# بەشی دووەم
# فیقهو ئاداب

یەکەی یەکەم: بانگدان و قامەت کردن.
یەکەی دووەم: ئادابی ڕۆشتن و چاوەڕوانی نوێژ.
یەکەی سێیەم: پێگە و حوکمی نوێژ.
یەکەی چوارەم: چۆنێتی نوێژ.
یەکەی پێنجەم: سوننەت و مەکروهەکانی نوێژ.
یەکەی شەشەم: نوێژی هەینی.
یەکەی حەوتەم: نوێژی هەردوو چەژنەکە.
یەکەی هەشتەم: نوێژی خۆر گیران و مانگیران.
یەکەی نۆیەم: نوێژە بارانە.
یەکەی دەیەم: نوێژی مردوو (جەنازە).

# یەکەی یەکەم: بانگدان و قامەت کردن

## ١ وانەی یەکەم: بانگدان و قامەت کردن





### پێناسەی بانگدان

بانگدان: بریتییە لە ڕاگەیاندن بە هاتنی کاتی نوێژ

### حوکمی بانگدان

بانگدان بۆ پێنج فەرزەکان، فەرزی کیفایەیە لەسەر پیاوان.

فەرزی کیفایە: واتە ئەو ئەرکەی ئەگەر کەسێك ئەنجامی بدات لەسەر موسڵمانی تر دەکەوێت.

## فەزڵی بانگدان

هەر بانگدەرێك بانگ بدات بە ئەندازەی ڕۆشتنی دەنگی بانگەکەی مرۆڤ و جنۆکە و هەموو شتێك شایەتی بۆ دەدەن لە ڕۆژی دواییدا.

## بڕگەکانی بانگدان

اللهُ أَكْبَرُ ، اللهُ أَكْبَرُ          اللهُ أَكْبَرُ ، اللهُ أَكْبَرُ

أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ          أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ

أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ          أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ

حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ          حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ

حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ          حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ

اللهُ أَكْبَرُ، اللهُ أَكْبَرُ،

لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ

## چالاکی کرداری

بە سەرپەرشتی مامۆستاکەم لەگەڵ هاوڕێکانم بڕگەکانی بانگدان دەڵێینەوە و تێبینیەکان دەنووسین، پاشان هەڵەکانی یەکتر ڕاست دەکەینەوە.

## ٢ وانەی دووەم: سوننەتەکانی بانگدان

دەسپێک

بخوێنەرەوە

بیلال داوای لە مامۆستا کرد ڕێگەی پێبدات کە بانگ بدات بۆ نوێژی نیوەڕۆ.

مامۆستا ڕێگەی پێدا و ووتی: ئایا دەزانیت ئەو شتانە چین ئەنجامدانیان سوننەتن لە کاتی بانگدان؟

بیلال ووتی: بەڵێ مامۆستا، باوکم فێری کردووم کە سوننەتە بانگدەر بەپێوە بێت و پاکوخاوێن ڕوو لە قیبلە بێت، وە لە کاتی ووتنی (حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ) ڕوو بەلای ڕاست وەرگەڕێت و لە کاتی ووتنی (حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ) ڕوو بەلای چەپ وەرگەڕێت.

### سوننەتەکانی بیستنی بانگ:


بانگبێژ هەرچی فەرموو دووبارەی دەکەیتەوە تەنها لە بڕگەی (حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ) و (حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ) نەبێت کە دەڵێیت: (لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ)

### سوننەتەکانی پاش بانگ:

- صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری نازدار(ﷺ) .
- ووتنی ئەم دوعا و پاڕانەوە بۆ پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ) .

اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ، وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ، آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ

## ٢ وانەی سێیەم: بڕگەکانی بانگدان



ڕۆژانە پێنج جار گوێمان لە بانگ دەبێت:

- ئایا بیرمان لە واتاکانی کردۆتەوە؟
- ئایا هەستمان بە گەورەیی و گرنگی بانگ کردووە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە لەم بابەتەدا ڕوون دەبێتەوە

### بڕگەی یەکەم

- لە بڕگەکانی بانگ ( اللَّهُ أَكْبَرُ ) واتە الله گەورەتر و پایەدارترە لە هەموو شتێك؟

### کاریگەری ئەم بڕگەیە لە ژیانی ڕۆژانەماندا:

* دەستپێشخەر دەبم بۆ ئەنجامدانی نوێژ، و خۆم سەرقاڵ ناکەم بە شتی ترەوە، چونکە ئەو خوایەی کە لە هەموو شتێك گەورەترە فەرمانی پێکردوین بە هاتنمان بۆ ئەنجامدانی نوێژ.

* ملکەچ دەبم و ئاگام لە نوێژەکەم دەبێت چونکە لەبەردەم پەروەردگارێك ڕاوەستاوم لە هەموو شتێك گەورەترە.

### بڕگەی دووەم

- لە بڕگەکانی بانگ ( أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ )

لە بەشی بیروباوەڕ ئەم واتایە ڕوون کراوەتەوە.

## کاریگەری ئەم واتایە لە ژیانی ڕۆژانەماندا:

*خۆشویستنی اللّٰه لەسەروی هەموو شتێکەوەیە، بۆیە تەنها ئەو کردەوانە ئەنجام دەدەم کە خوای پەروەردگار پێ ی خۆشە.

*عیبادەتی خوای پەروەردگار بە تاك و تەنها و دوورکەوتنەوە لە عیبادەتی جگە لە خوا.

برگەی سێیەم

لە بڕگەکانی بانگ: ( أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ )

لە بەشی بیروباوەڕ ئەم بڕگەیە ڕوون کراوەتەوە.

## کاریگەری ئەم واتایە لە ژیانی ڕۆژانەماندا:

*خۆشویستنی پێغەمبەری خوا(ﷺ) زیاتر لە خۆم و دایك و باوك و هەموو خەڵکی.

*گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا(ﷺ).

برگەی چوارەم

لە بڕگەکانی بانگ: ( حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ ) واتە وەرن بۆ ئەنجامدانی نوێژ لە مزگەوت.

## کاریگەری ئەم واتایە لە ژیانی ڕۆژانەماندا:

*وەڵامدانەوەی بانگبێژ بە ڕۆشتن بۆ مزگەوت و ئەنجامدانی نوێژ بە کۆمەڵ.

*هاندانی کەسانی تر لە هاتن بۆ مزگەوت.

برگەی پێنجەم

لە بڕگەکانی بانگ: ( حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ ) واتە: ڕۆشتن بۆ ئەنجامدانی نوێژ کە سەرفەرازی بە دەست دەهێنێت لە دونیا و دواڕۆژدا.

## کاریگەری ئەم واتایە لە ژیانی ڕۆژانەماندا:

*دڵنیابوون بەوەی کە خۆش بەختی تەنها لە گوێڕایەڵی خوادایە.

*پەنابردن بۆ نوێژ لە کارە گرنگەکانە.

## ٤ وانەی چوارەم: قامەت کردن

دەسپێك

ئەنەس خوێندکاری پۆلی پێنجەمە، پارێزگاری لە نوێژەکانی دەکات و هەموو جارێك پێش بانگبێژ دەڕوات بۆ مزگەوت دەست دەکات بە خوێندنەوەی قورئان و زیکر و دوعا و پاڕانەوە، کاتێك بانگدرا نوێژە سوننەتەکانی پێش نوێژ ئەنجام دەدات، بەڵام ڕۆژێك دوادەکەوێت کە پێش بانگ ئامادە بێت لە مزگەوت، بە ڕێگاوەیە کاتێك قامەت دەکرێت، ئەویش پەلە ناکات و بە هێمنی دەچێتە ناو مزگەوت و لەگەڵ خەڵکی دەست دەکات بە ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکە.

### پێناسەی قامەت

**قامەت کردن:** واتە ڕاگەیاندنی کاتی هەستانە بۆ نوێژ.

### حوکمی قامەت کردن

قامەت کردن بۆ نوێژ فەرزی کیفایەیە.

## بڕگەکانی قامەت



اللَّهُ أَكْبَرُ    اللَّهُ أَكْبَرُ

أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ

أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ

حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ

حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ

قَدْ قَامَتِ الصَّلَاةُ    قَدْ قَامَتِ الصَّلَاةُ

اللَّهُ أَكْبَرُ    اللَّهُ أَكْبَرُ

لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ

### چالاکی کرداری

بەسەرپەرشتی مامۆستاکەم لەگەڵ هاوڕێکانم بڕگەکانی قامەت دەڵێینەوە

# یەکەی دووەم: ئادابی ڕۆشتن و چاوەڕوانی نوێژ

## ١ وانەی یەکەم: ئادابی ڕۆشتن بۆ مزگەوت







**دەسپێک**

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:
[يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ]
واتە: ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم هەر کە دەچنە مزگەوت بۆ نوێژ یان هەر خواپەرستییەکی تر جلوبەرگی جوان و پاکوخاوێن بپۆشن.

### ئادابەکانی ڕۆشتن بۆ مزگەوت

#### ئادابی یەکەم: خوێندنی زیکری دەرچوون لە ماڵ

لە کاتی دەرچوون لە ماڵ دەڵێم: ( بِسْمِ اللَّهِ تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ، لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ )

#### ئادابی دووەم: زوو ڕۆشتن بۆ مزگەوت

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت (وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي التَّهْجِيرِ لَاسْتَبَقُوا إِلَيْهِ)، ، واتە: ئەگەر بیانزانیایە لە زوو هاتن بۆ مزگەوت چ خێرێکی تێدایە بۆیان پێشبڕکێیان بۆ ئەکرد.

## ئادابی سێیەم: بە پێ ڕۆشتن بۆ مزگەوت و بە دەست نوێژەوە



پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت: ( هەر کەسێك لە ماڵەوە دەست نوێژ بگرێت و بێت بۆ ماڵێك لە ماڵەکانی خوا بۆ بەجێهێنانی فەرزێك لە فەرزەکان، ئەوا بە هەر هەنگاوێك خراپەیەکی دەسڕێتەوە و بە هەنگاوێکی تر پلەیەك بەرز دەکرێتەوە ).

لەو فەرموودەیەی سەرەوە ئەو دەستەواژەیە دەسنیشان بکە کە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەم ئادابە:

| لە ماڵەوە دەست نوێژ بگرێت | بڕوات بۆ ماڵێك لە ماڵەکانی خوا | هەر دوو دەستەواژەکەی پێشوو |
|---|---|---|
| ◯ | ◯ | ◯ |

## ئادابی چوارەم: ڕۆشتن بە هێمنی و لەسەرخۆ.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ( ئەگەر گوێتان لە بانگ بوو بڕۆن بۆ نوێژ بە هێمنی و لەسەرخۆیی، بەبێ پەلەکردن ئەوەی پێی گەشتن لە نوێژ ئەنجامی بدەن ئەوەشی لەدەستان چوو تەواوی بکەن )

## ئادابی پێنجەم: چوونە ژوورەوە بەپێی ڕاست و دەرچوون بەپێی چەپ.

هاوەڵی خۆشەویست ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: سوننەتە ئەگەر ڕۆشتیتە مزگەوت پێی ڕاست پێش بخەیت و لە کاتی دەرچوون پێی چەپ پێش بخەیت.

## ئادابی شەشەم: بەردەوام بوون لەسەر خوێندنی زیکری چوون و دەرچوون لە مزگەوت

لەکاتی چوونە مزگەوت: ( اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ )

لە کاتی دەرچوون لە مزگەوت ( اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ )

## ٢ وانەی دووەم: ئادابی چاوەڕوانی نوێژ

دەسپێك



پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویت: ( ئەگەر کەسێك ڕۆشتە مزگەوت با دوو ڕکات نوێژ بکات پاشان دابنشێت )
کاروان و محمد ڕۆشتنە ناو مزگەوت، محمد دوو ڕکات نوێژی کرد پاشان دانیشت، بەڵام کاروان نوێژی نەکرد.

ئەم فەرموودەی پێشوو بخوێنەرەوە و کرداری درووست دەستنیشان بکە:

ئەنجامدەری کرداری درووست    کاروان ( )    محمد ( )

### فەزڵی چاوەڕوانی نوێژ

باشترینی ئەو کاتانەی کە خەڵکی تێدا سەرقاڵن بریتییە لە کاتی چاوەڕوانی نوێژ، لەگەڵ هاوڕێکانت باسی ئەو شتانە بکەن کە دەتوانن ئەنجامی بدەن تاوەکو کاتی نوێژ، وە ئەو شتانەی پێویستە لێی دووربکەونەوە لە کاتی چاوەڕوانی نوێژ.

| ئەو شتانەی ئەنجامی دەدەین | ئەو شتانەی ئەنجامی نادەین |
| --- | --- |
| ١ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز | ١ دەنگ بەرزکردنەوە لە مزگەوت |
| ٢ .................................. | ٢ .................................. |
| ٣ .................................. | ٣ .................................. |

## چالاکی ١

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت: ( فریشتەکان صەڵاوات لەسەر هەر یەکێك لە ئێوە دەدەن تاوەکو لە شوێنی نوێژدا بێت، و تاوەکو دەست نوێژی هەبێت، دەڵێن: خوایە لێی خۆشبە ، خوایە ڕەحمی پێ بکە )
واتای صەڵاواتی لەسەر دەدەن: دوعای خێری بۆ ئەکەن.

لە ڕوانگەی تێگەشتنت لەم فەرموودەیە فەزڵی چاوەڕوانی نوێژ ڕوون بکەرەوە.

..........................................................................................................

## چالاکی خێزانی

دایك و باوکی بەڕێز: هانی منداڵەکەت بدە لەســەر دوعا و پاڕانەوە لە نێوان بانگ و قامەت

## هەڵسەنگاندن

١) کاتێك ڕۆشتیتە ناو مزگەوت پێویستە چی بکەی؟

٢) لە چ کاتێك فریشتەکان صەڵاوات دەدەن لەسەر کەسێك لە مزگەوت؟

# یەکەی سێیەم : پێگە و حوکمی نوێژ

وانەی یەکەم: ١

## پێگەی نوێژ

### پێگەی نوێژ

نوێژ کۆڵەکەی ئیسلامە، و پەیوەندی نێوان بەندە و خودایە، وە یەکێکە لە پایە گەورەکانی ئیسلام هەر وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت: ئیسلام بنیات نراوە لەسەر پێنج پایە، شایەتومان (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ)، وە ئەنجامدانی نوێژ، وە زەکاتدان، وە رۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان، وە حەج کردن.



### گرنگی نوێژ

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: یەکەم شتێك کە بەندە لە ڕۆژی قیامەت لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێت نوێژەکانە ئەگەر نوێژەکەی باش بێت ئەوا ئەوانی تریش باش دەبێت وە ئەگەر نوێژەکانی خراپ بێت ئەوا دۆڕاو وسەرگەردان ئەبێت.

لەگەڵ هاوڕێکانت لەم فەرموودەیە گرنگی نوێژ ڕوون بکەنەوە:

....................................................................................................

هەر کاتێك موسڵمان پارێزگاری لە نوێژەکانی کرد و دڵی بە ئاگا بوو لە کاتی نوێژەکانی، وە هەستی بە گەورەیی و دەسەڵاتی خوا کرد، ئەوا کاریگەری ڕاستەخۆی دەبێت لەسەر دەروون و ڕەفتاری،



## لە کاریگەرییەکانی:

١ نوێژ ئارامییە بۆ دڵ و دەروون.

٢ نوێژ هۆکارە بۆ سڕینەوەی تاوانەکان.

## هەڵسەنگاندن

١ وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

أ یەکەم شتێك بەندە لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێت لە ڕۆژی دویدا:

زەکات ( )  ڕۆژوو ( )  نوێژ ( )

ب نوێژ پایەی چەندەمە لە پایەکانی ئیسلام:

سێیەم ( )  دووەم ( )  چوارەم ( )

٢ شوێنەواری نوێژ لەسەر بەندە.

.............................  .............................

# کاتی فەرزبوونی نوێژ

## مێژووی فەرزبوونی نوێژ



نوێژ فەرزکراوە لە شەوی ( الإسراء و والمعراج ) لە ئاسمانی حەوتەم پێش کۆچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ مەدینە.

## حوکمی نوێژ

نوێژ فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێکی پێگەشتوو (بالغ) و عاقڵ، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: [ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ ]،
واتە:نوێژ بکەن و زەکات بدەن، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەچنە ڕکوع بە جەماعەت بچنە ڕکوع.

ئەگەر نوێژ فەرز بێت لەسەر عاقڵ کەواتە نوێژی
..............................
درووست نییە.

ئەگەر نوێژ فەرز بێت لەسەر موسڵمان کەواتە نوێژی
..............................
درووست نییە.

# یەکەی چوارەم: چۆنێتی نوێژ


## ١ وانەی یەکەم: چۆنێتی نوێژ (١)

دەسپێك

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویت: (صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي) واتە : نوێژ بکەن هەر وەکو من دەبینن چۆن نوێژ دەکەم

ئایا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن نوێژی کردووە؟

پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) بەم شێوازە نوێژی کردووە:



### یەکەم: وەستان بەپێوە

لە کاتی نوێژدا ڕوو لەقیبلە دەکەین و بە پێوە ڕادەوەستین و تەماشای شوێنی سوجدە دەکەین.

- نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) لە ژێر ئەم وێنانەی خوارەوە دابنێ:







## دووەم: تەکبیرەی ئیحرام

هەر دوو دەست بەرزدەکەینەوە تاوەکو ئاستی شانمان یان نەرمی گوێ، پاشان دەڵێین (الله أكبر) پاشان یەکێك لە دوعاکانی دەستپێکردنی نوێژ دەخوێنین پاشان سورەتی (فاتیحە) دەخوێنین، وە سوننەتە دوای سورەتی (فاتیحە) سورەتێکی تر یان چەند ئایەتێك بخوێنین لە دوو ڕکاتی سەرەتای نوێژەکان.

- نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) لە ژێر ئەم وێنانەی خوارەوە دابنێ:







### چالاکی خێزانی

دایك و باوکی بەڕێز: منداڵەکەت فێری هەندێك لەو زیکرانە بکە کە لەسەرەتای دەستپێکردنی نوێژ دەخوێندرێت. وەکو ( اللَّهُ أَكْبَرُ كَبِيراً وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيراً، وَسُبْحَانَ اللَّهِ بُكْرَةً وَأَصِيلاً )







## سێیەم: ڕکوع بردن

دوای خوێندنەوەی سورەتی (فاتیحە) و ئەو سورەتەکەی دوای، پاشان هەر دوو دەست بەرزدەکەینەوە تاوەکو ئاستی شانەکان یان نەرمایی گوێکان و دەڵێین (الله أكبر)، پاشان دەچینە ڕکوع و هەر دوو دەست دەخەینە سەر هەر دوو ئەژنۆ و کڵاوەی ئەژنۆ دەگرین، و پشتمان ڕێك و ڕاست و تەخت دەکەین و ئانیشکەکەنمان لە لاکەلەکان دووردەخەینەوە و دەڵێین ( سُبحانَ ربي العَظِيم ).

- نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) لە ژێر ئەم وێنانەی خوارەوە دابنێ:







## چوارەم: هەستانەوە لە ڕکوع

پاشان سەر بەرزدەکەینەوە و هەر دوو دەست تاوەکو ئاستی شانەکان یان نەرمایی گوێکان بەرزدەکەینەوە و دەڵێین:( سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ )، پاشان ڕاست دەوەستین و دەڵێین: ( رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ ) پاشان (حَمْداً كَثِيراً طَيِّباً مُبَارَكاً فِيهِ).


- نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) لە ژێر ئەم وێنانەی خوارەوە دابنێ:






## پێنجەم: سوجدەبردن

پاشان دەڵێین: (الله أكبر) و دەچینە سوجدە و لەسەر حەوت ئەندام سوجدە دەبەین پێشی سەر (تەوێڵ) و لوت پێکەوە، هەر دوو ناو لەپ، و هەر دوو ئەژنۆ، و نوکی پەنجەکان قاچ و ئانیشکمان لەزەوی دووردەخەینەوە و پەنجەکانی دەست ڕێك دەخەین و ڕوو لە قیبلە دەکەین، هەر دوو قۆڵ لە بن باڵ و لاکان دووردەخەینەوە ئەگەر نەبێتە ئازاری هاوڕێکەی تەنیشتمان، و سەری پەنجەکانی پێ ڕوو لە قیبلە دەکەین و دەڵێین: (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى).



- نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) لە ژێر ئەم وێنانەی خوارەوە دابنێ:






## شەشەم: دانیشتن لە نێوان سوجدەکان



پاشان لە سوجدە بەرزدەبینەوە و دەڵێین: (الله أكبر) پاشان قاچی چەپ ڕادەخەین و لەسەری دادەنیشین و قاچی ڕاست دەچەقێنین و نووکی پەنجەکان ڕوو لە قیبلە دەکەین و هەر دوو دەست لەسەر هەر دوو ڕان دادەنێین و دەڵێین: (رَبِّ اغْفِرْ لِي رَبِّ اغْفِرْ لِي).

## چالاکی ١

- نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) لە ژێر ئەم وێنانەی خوارەوە دابنێ:







## حەوتەم: سوجدەی دووەم

پاشان دەڵێین: (الله أكبر) سوجدە دەبەین، ئەوەی لە سوجدەی یەکەم ئەنجامماندا ئەوا لە سوجدەی دووەم دووبارەی دەکەینەوە

## هەشتەم: ڕکاتی دووەم



پاشان لە سوجدەی دووەم بەرزدەبینەوە بۆ ڕکاتی دووەم دەڵێین (الله أكبر) و ڕاست دەوەستین و ئەوەی لە ڕکاتی یەکەم ئەنجامماندا لە ڕکاتی دووەم دووبارەی دەکەینەوە تەنها دوعای دەستپێکردنی نوێژ ناخوێنین.

## نۆیەم: دانیشتن بۆ تەحیاتی یەکەم





لە کۆتایی ڕکاتی دووەم دادەنیشین بۆ تەحیاتی یەکەم، دەستی ڕاست لەسەر ڕانی ڕاست دایدەنێین و بە پەنجە گەورە و پەنجەی ناوەڕاست بازنەیەك دروست دەکەین و پەنجەی شایەتمان ڕاست دەوەستێنین (یان جوڵەی پێ دەکەین) و دەستی چەپ لەسەر ڕانی چەپ دادەنێین و دەڵێین:

(التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ)

## دەیەم: ڕکاتی سێیەم و چوارەم



ئەگەر نوێژەکان سێ ڕکاتی یان چوار ڕکاتی بوو، دوای خوێندنی تەحیات هەڵدەسین و دەڵێین ( الله أكبر ) و لە ڕکاتی سێیەم و چوارەم تەنها سوڕەتی (فاتیحە) دەخوێنین.

## یانزەیەم: تەحیاتی کۆتایی







پاشان بەشێوەی تەوەڕوك دادەنیشین لەو نوێژانەی سێ ڕکاتی یان چوار ڕکاتین ( تەوەڕوك: قاچی ڕاست ڕابخات و پەنجەکانی ڕوو لە قیبلە بکات و قاچی چەپی لە ژێر قاچی ڕاست دەربکات) تەحیات دەخوێنین پاشان صەڵاوات دەدەین لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەم شێوەیە:

(اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ).

پاشان پەنادەگرین لە چوار شت: ( اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ، وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ، وَمِنْ فِتْنَةِ المَحْيَا وَالمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ المَسِيحِ الدَّجَّالِ ).

- نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) لە ژێر ئەم وێنانەی خوارەوە دابنێ:








## دوانزەیەم: جوڵەنەکردن و هێمنی لە هەموو پایەکان

## سیانزەیەم: سەلامدانەوە



پاشان سەلام دەدەینەوە بە لای ڕاست و دەڵێین:

السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ

پاشان سەلام دەدەینەوە بە لای چەپ و دەڵێین:

السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ



# کورتە چیرۆک

هاوەڵی خۆشەویست ئەبو هورەیرە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ناومزگەوت، پیاوێك هاتە ناو مزگەوت و نوێژی کرد پاشان هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سەلامی لێی کرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: بڕۆ نوێژ بکە چونکە نوێژت نەکردووە، پیاوەکە ڕۆشت نوێژی کرد هەر وەکو نوێژەکەی پێشووی، پاشان هاتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سەلامی لێی کرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: بڕۆ نوێژ بکە چونکە نوێژت نەکردووە، سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە، پاشان ووتی: سوێند بەو کەسەی تۆی ناردووە بەحەق لەمە باشتر نازانم، فێرم بکە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: کاتێك هەستای بۆ نوێژ بڵێ (الله أكبر) پاشان ئەوەی دەیزانی لە قورئان بیخوێنە، پاشان ڕکوع ببە تاوەکو جەستەت لە جووڵە دەکەوێت، پاشان هەستەوە و بەتەواوی ڕاوەستە، پاشان سوجدە ببە تاوەکو جەستەت لە جووڵە دەکەوێت، پاشان هەستەوە و دانیشە تاوەکو جەستەت لە جووڵە دەکەوێت، ئەمە لە هەموو ڕکاتەکان دووبارە بکەرەوە.

**لەگەڵ هاوڕێکانت وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:**

١ بۆچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی بڕۆ نوێژ بکە چونکە نوێژت نەکردووە؟

............................................................................................

٢ بۆچی یەکەم جار پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی فێرنەکرد؟

............................................................................................

٣ ئەو شێوازەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەکاری هێنا چ کاریگەرییەکی هەبوو؟

............................................................................................

# یەکەی پێنجەم: سوننەت و مەکروهەکانی نوێژ

| ١ | وانەی یەکەم: | سوننەتەکانی نوێژ |
|---|---|---|

نوێژ بریتییە لە گوفتار و کردار، ئەم گوفتار و کردارانە سێ بەشە:




لە میانەی فێربوونت لە پایە و فەرزەکانی نوێژ، دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ بەشی چۆنێتی نوێژ و سوننەتی گوفتاری و کرداری دەربهێنی:

## یەکەم: وەستان

| سوننەتی گوفتاری | سوننەتی کرداری |
|---|---|
| دوعای دەستپێکردنی نوێژ | تەماشای شوێنی سوجدە |

## دووەم: تەکبیرەی ئیحرام

| سوننەتی کرداری |
|---|
| بەرزکردنەوەی دەست تاوەکو ئاستی شانەکان |

## سێیەم: ڕکوع

| سوننەتی کرداری | سوننەتی گوفتاری |
| --- | --- |
| بەرزکردنەوەی هەر دوو دەست تاوەکو ئاستی شانەکان یان نەرمایی گوێ. | زیاتر لە یەک جار ووتنی (سُبحانَ ربي العَظِيم) |

## چوارەم: هەستانەوە لە ڕکوع

| سوننەتی کرداری | سوننەتی گوفتاری |
| --- | --- |
| بەرزکردنەوەی هەر دوو دەست تاوەکو ئاستی شانەکان | زیاتر لە ووتنی (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ) |

## پێنجەم: سوجدە بردن

| سوننەتی کرداری | سوننەتی گوفتاری |
| --- | --- |
| پەنجەی دەستەکان ڕوو لە قیبلە بێت | زیاتر لە جارێك ووتنی ( سُبْحَانَ رَبِّيَ الْأَعْلَى ) |

## شەشەم: دانیشتن لە نێوان سوجدەکان

| سوننەتی کرداری | سوننەتی گوفتاری |
| --- | --- |
| تەماشای شوێنی سوجدە. | زیاتر لە جارێك ووتنی (رَبِّ اغْفِرْ لِي) |

## حەوتەم: دانیشتن لە تەحیاتی یەکەم

| سوننەتی کرداری |
|---|
| قاچی ڕاست بچەقێنرێت لە زەوی و قاچی چەپ ڕابخرێت |

## هەشتەم: هەستانەوە بۆ ڕکاتی دووەم

| سوننەتی کرداری |
|---|
| تەماشا کردنی شوێنی سوجدە. |

## نۆیەم: تەحیاتی کۆتای

| سوننەتی گوفتاری | سوننەتی کرداری |
|---|---|
| پەناگرتن لە چوار شت | تەوەڕوك |

## جیاوازی نێوان پایە و فەرز و سوننەتەکان

**فەرزەکان**


ئەنجام نەدانی بەزانینەوە نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، بەڵام بە نەزانینەوە نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە
بەسوجدەی سەهو جێگای دەگرێتەوە

**سوننەتەکان**

ئەنجام نەدانی بە زانین و نەزانینەوە نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە بەڵام بەردەوام بوونی لەسەری شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).

# مەکروهەکانی نوێژ

ئەو کردارانە لە دژی ئادابی نوێژن پێی دەووترێت (مەکروهەکانی نوێژ) کە پاداشتی نوێژ کەم دەکاتەوە، بۆیە موسڵمان دەبێت لەو کردارانە دووربکەوێتەوە، لە مەکروهەکانیش ئەمانەن:






١ ئاوڕدانەوە بە بێ پێویستی
٢ چاو نوقاندن
٣ زۆر جوڵانەوە
٤ تەنگاوی
٥ ئامادەبوونی ئەو خواردنەی حەزی لێیەتی

# یەکەی شەشەم: نوێژی هەینی

**١** وانەی یەکەم: فەزڵی ڕۆژی هەینی و حوکم و چۆنێتی نوێژی هەینی

## فەزڵی ڕۆژی هەینی





**موسڵمانان لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج جار کۆدەبنەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەماعەت**
**وە هەفتەی جارێك کۆدەبنەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی**
**وە ساڵی دوو جار کۆدەبنەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەژنەکان**
**خوای پەروەردگار ئوممەتی پێغەمبەری(ﷺ) تایبەتمەند کردووە بە ڕۆژی هەینی کە باشترین ڕۆژەکانی هەفتەیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت: (باشترین ڕۆژێك کە خۆری تێدا هەڵهاتبێت ڕۆژی هەینییە، پێغەمبەر ئادەم (ﷺ) لەو ڕۆژەدا دروستکراوە، وە لەو ڕۆژەدا خراوەتە بەهەشت و لەو ڕۆژەدا دەرکراوە، وە قیامەتیش نایەت لە ڕۆژی هەینی نەبێت).**

## حوکمی نوێژی هەینی

**نوێژی هەینی فەرزە لەسەر هەر کەسێك کە:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| موسڵمان بێت | پێگەشتوو (بالغ) بێت | عاقڵ بێت | نێر بێت | نیشتەجێی شاری خۆی (واتە: ڕێبوار نەبێت). |

## بەڵگەی واجبێتی نوێژی هەینی

خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ]، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك ڕۆژی هەینی بانگدرا بۆ نوێژ، جا ئێوە بەپەلە بچن بەدەم زیکری خواوە، واز لە هەموو کڕین و فرۆشتنێك بهێنن، ئەو خۆئامادەکردنەتان بۆی چاکترە بۆتان، ئەگەر ئێوە بزانن.

## چالاکی ١

باسی چوار کۆمەڵە کەس بکە کە نوێژی هەینی فەرز نەبێت لەسەریان:

١ ..................................... ٢ .....................................

٣ ..................................... ٤ .....................................

## مەرجەکانی درووستێتی نوێژی هەینی


١ **کات:** کاتی نوێژی هەینی هەمان کاتی نوێژی نیوەڕۆیە.

٢ **ئامادەبوونی کۆمەڵە کەسێك،** کەمترین کۆمەڵە کەسیش بریتییە لە سێ کەس.

٣ **دوو ووتار.**



نوێژی هەینی دوو ڕکاتە، پێشنوێژ دەنگی تێدا بەرزدەکاتەوە، وە سوننەتە لە ڕکاتی یەکەم دوای خوێندنی سوڕەتی فاتیحە سوڕەتی (الأعلى) بخوێنێت، و لە ڕکاتی دووەم لە دوای سوڕەتی فاتیحە سوڕەتی (الغاشية) بخوێنێت، یان لە ڕکاتی یەکەم لە دوای سوڕەتی فاتیحە سورەتی (الجمعة) بخوێنێت و لە ڕکاتی دووەم لە دوای سوڕەتی فاتیحە سوڕەتی (المنافقون) بخوێنێت.



# ٢ وانەی دووەم: سوننەتەکانی هەینی و هەر دوو ووتارەکە

## سوننەتەکانی ڕۆژی هەینی



١ خۆشۆردن و بۆن لە خۆدان و پۆشینی جلوبەرگی پاك و تازە.




٢ زوو ڕۆشتن بۆ مزگەوت، وە هەوڵدان بۆ ئامادەبوون لە ڕیزی یەکەم و نزیك لە ئیمام.



٣ خوێندنی سوڕەتی (الکهف).



٤ زۆر دوعا و پاڕانەوە لە تەواوی ڕۆژی هەینی بەتایبەت پێش خۆرئاوابوون.




٥ صەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا(ﷺ).

## چالاکی خێزانی

دایك و باوكی بەڕێز: یارمەتی منداڵەكەت بدە لە جێبەجێ كردنی ســوننەتەكانی ڕۆژی هەینی.

### ئەو شتانەی ڕێپێدراو نییە لە کاتی ووتاری هەینی:

١ قسەكردن لە كاتی ووتار، پێغەمبەری خوا (ﷺ). دەفەرمووێت: ( ئەگەر بەوەی تەنیشتت بڵێیت بێ دەنگ بە كاتێك ووتاربێژ ووتاری دەدا ئەوا كارێكی خراپت كردووە )

٢ بێزراوە كەسێك ئازاری خەڵكی بدات بۆ ئەوەی بڕواتە پێشەوەی ڕیزەكان.


## چالاکی ١

١ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت: (هەر كەسێك شتێك سەرقاڵی بكات لە گوێگرتن لە ووتار ئەوا خێری هەینییەكەی لە دەست دەچێت ).

ڕوونی بكەرەوە: ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیە دەبینی، كێ ڕاستی كردووە و كێ هەڵەی كردووە:

أ. دانا هەستا نوێژی سوننەتی ئەنجامدا كاتێك ووتاربێژ ووتاری دەدا. (     )
ب. ئەنەس بەبێ دەنگی گوێی لە ووتار دەگرت. (     )
ج.یادگار موبایلەكەی بەكاردەهێنا لە كاتی ووتار. (     )

## ووتاری هەینی



مەرجە بۆ ووتاربێژ ئەم شتانە ئەنجام بدات:

١ سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار.

٢ خوێندنەوەی هەندێك لە قورئانی پیرۆز.

٣ صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا(ﷺ).

٤ ئامۆژگاری کردنی خەڵکی لە ترسان لە خوای پەروەردگار.

## ئەو شتانەی سووننەتە بۆ ووتاربێژ

١ کاتێك دەچێتە سەر مینبەر سڵاو لە خەڵکی بکات.

٢ دانیشتنێکی کورت لە نێوان هەر دوو ووتارەکە.

٣ دوعا و پارانەوە بۆ موسڵمانان.

٤ ووتارەکەی کورت بێت.

## چالاکی خێزانی

باوکی بەڕێز منداڵەکەت لەگەڵ خۆت ببە بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی ئامۆژگارییەکان وەربگرێت.

# یەکەی حەوتەم : نوێژی هەردوو جەژنەکە

## ١ وانەی یەکەم: پێناسەی جەژن و حیکمەت لە فەرزبوونی

هاوەڵی خۆشەویست ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە شاری مەدینە، خەڵکی مەدینە لە دوو ڕۆژدا خۆشیان دەردەبڕی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەو دوو ڕۆژە چییە؟ ووتیان: لە سەردەمی نەفامیدا یارییان تێدا دەکرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ( خوای پەروەردگار ئەو دوو ڕۆژەی بۆ گۆڕیون بە دوو ڕۆژی باشتر ئەویش ڕۆژی جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزانە ).

- موسڵمانان دوو جەژنیان هەیە ئەوانیش:

١ ............................... ٢ ...............................

### حیکمەتی شەرعاندنی جەژن

١ سوپاسگوزاری خوای پەروەردگار لە دوای تەواوبوونی عیبادەتی ڕۆژوو و حەج.

٢ دەبڕینی خۆشی و شادی.



## هەڵسەنگاندن

نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) بۆ ئەمانەی خوارەوە دابنێ، پاشان هەڵەکان ڕاست بکەرەوە:

أ. سەردانی دراوسێ و خزم و دۆستان ناکەم لە ڕۆژانی جەژندا ( )

ب. خۆشی دەرنابڕم لە جەژندا ( )

ج. لە حیکمەتی ڕۆژی جەژندا سوپاسگوزاری خوای پەروەردگارە ( )



# ٢ وانەی دووەم: نوێژی هەردوو جەژنەکە

خوای پەروەردگار جەژنی ڕەمەزان و قوربانی داناوە کە تێیاندا عیبادەت و سوپاسگوزاری خوای پەروەردگاری تێدا دەکرێت و خۆشی و شادی دەردەبڕدرێت.

## ئامادەبوون بۆ نوێژی جەژن

نوێژی جەژن فەرزە لەسەر پیاوان ئەنجامی بدەن، و سوننەتێکی جەخت لەسەرکراو (مؤكد) لەسەر ئافرەتان.

## کاتی نوێژی جەژن



کاتی نوێژی جەژن دەست پێدەکات لە هەڵهاتنی خۆر بە ئەندازەی ڕمێك

## چۆنێتی نوێژی جەژن

نوێژی جەژن دوو ڕکاتە، بەبێ بانگ و قامەت، پیشنوێژ تێدا دەنگ بەرزدەکاتەوە، چۆنێتییەکەی بەم شێوەیە:

## ڕکاتی یەکەم:

١ تەکبیرەی ئیحرام و دوعای دەسپێکردنی نوێژ.


٢ حەوت جار (الله أكبر) دەکرێت.

٣ خوێندنی سورەتی فاتیحە.

٤ خوێندنی هەندێك لە قورئانی پیرۆز.
سوننەتە لە ڕکاتی یەکەم دوای خوێندنی سورەتی فاتیحە سورەتی (الأعلى) بخوێنێت، و لە ڕکاتی دووەم لە دوای سورەتی فاتیحە سورەتی (الغاشية) بخوێنێت، یان لە ڕکاتی یەکەم لە دوای سورەتی فاتیحە سورەتی (ق) بخوێنێت و لە ڕکاتی دووەم لە دوای سورەتی فاتیحە سورەتی (القمر) بخوێنێت.

٥ پاشان نوێژەکە وەکو نوێژەکانی تر تەواو دەکرێت.





ڕکاتی دووەم:


٦ هەستان بۆ ڕکاتی دووەم.

٧ پاشان پێنج جار ( الله أكبر ) دەکرێت.

٨ پاشان نوێژەکە وەکو نوێژەکانی تر تەواو دەکرێت.



## ووتاری جەژن



پاش تەواوبوونی نوێژ، ووتاربێژ ووتارێك دەدات و هانی موسڵمانان دەدات بۆ لە خوا ترسان و گەیاندنی سیلەی ڕەحم و عیبادەت کردن بە تایبەتی لە جەژنی قوربان باسی گەورەیی قوربانی کردن دەکات.

# ٣ وانەی سێیەم: سوننەتەکانی جەژن

• ڕۆژی جەژن ڕۆژی عیبادەت و دەربڕینی خۆشی و سوپاسگوزاری خوای پەروەردگارە، سوننەتە لەو ڕۆژەدا هەندێك کردەوە ئەنجام بدرێت، لەوانەش:

١ خۆشۆردن




٢ پۆشینی جلوبەرگی پاك و تازە.




٣ بۆنخۆش کردن (بۆ پیاوان).



٤ خواردنی چەند خورمایەك بە تاک پێش دەرچوون بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان، بەڵام لە جەژنی قوربان هیچ ناخورێت تاوەکو دەگەڕێتەوە، ئەگەر قوربانی کرد لە گۆشتی قوربانییەکەی دەخوات.



٥ ڕۆشتن بەپێ وە گەڕانەوە بە ڕێگایەکی تر.



٦ ئەگەر شوێنی تر هەبوو بۆ نوێژ جگە لە مزگەوت سوننەتە لەو شوێنە نوێژ بکرێت پێی دەووترێت نوێژگە (المصلى).



## تەکبیرە کردن لە هەر دوو جەژنەکە:

سوننەتە لە ڕۆژانی جەژن و لە (١٠) ڕۆژی مانگی ( ذی الحجة ) تەکبیرە بکرێت.
بەم شێوازە: (اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ , لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ , اللَّهُ أَكْبَرُ وَلِلَّهِ الْحَمْدُ).

**کاتەکەی لە جەژنی ڕەمەزان:** لە سەرەتای مانگی شەوال تاوەکو نوێژی جەژن.
**کاتەکەی لە جەژنی قوربان:** لە سەرەتای مانگی (ذی الحجة) تاوەکو عەسری چوارەم ڕۆژی جەژن.

پیاوان لە هەموو جێگایەك لە مزگەوت بێت یاخود بازاڕ یان ماڵەوە یان لە ڕێگادا دەتوانن تەکبیرە بکەن بەدەنگی بەرز و دەنگی نزم، بەڵام ئافرەتان تەنها بەدەنگی نزم تەکبیرە دەکەن.

## پیرۆزبایی کردن لە جەژن

پیرۆزبایی کردن هۆکاری خۆشەویستی و ئارام بوونی دڵەکانە بەرامبەر یەکتر، وە دوعا و پاڕانەوەی موسڵمانانی تێدایە لە هەندێك بۆ هەندێکی تر، ئەمەش یەکێکە لەو شتانەی کە خوای پەروەردگار پێی ڕازییە.



# یەکەی هەشتەم : نوێژی خۆر گیران و مانگیران

**١** وانەی یەکەم: حیکمەتی ڕوودانی دیاردەی خۆر گیران و مانگیران ئەو عیبادەتانەی کە ڕێپێدراوە لە کاتی ڕوودانیدا.

**دەسپێک**

خوای پەروەردگار دەفەرموویت: [تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَمَرًا مُنِيرًا]، واتە: ئەو خوایەی کە لە ئاسمانەکاندا بورج و ئەستێرە گەورەکانی داناوە لە شوێنە بەرزەکاندا خێر و بەرەکەتی زۆر و گەورە و بەردەوام و جێگیرە، وە خۆری لە ئاسماندا داناوە کە گەرمی و ڕووناکی هەیە، وە مانگی داناوە کە تەنها ڕووناکی هەیە.

## مانای خۆر گیران و مانگیران:

نەمانی ڕووناکی خۆر و مانگ جا بە تەواوی بێت یان هەندێکی.

**کسوف:** واتە خۆر گیران.

**خسوف:** واتە مانگ گیران

## حیکمەتی خۆر گیران و مانگیران



• پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویت: (خۆر و مانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خوای پەروەردگار، هیچ کامیان ناگیرێن بە هۆی مردنی کەسێك یان ژیانی کەسێك، بەڵکو خوای پەروەردگار بەندەکانی پێ دەترسێنێت).

## ئەو عیبادەتانەی درووستە ئەنجام بدرێن لە کاتی خۆر گیران و مانگیران:

• پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویت: خۆر و مانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خوای پەروەردگار، هیچ کامیان ناگیرێن بە هۆی مردنی کەسێك یان ژیانی کەسێك، کاتێك بینیتان دوعا و پاڕانەوە بکەن و( الله أکبر ) بکەن و خێر و صەدەقە بکەن ).

## حوکمی نوێژی خۆر گیران و مانگیران



ویژی خۆر گیران و مانگیران سوننەتێکی جەخت ەسەرکراوە (مؤکدة) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەنجامی اوە و فەرمانی پێکردووە بە ئەنجامدانی.

## کاتی خۆر گیران و مانگیران



لە کاتی دەسپێکردنی خۆر گیران و مانگیران تاوەکو کۆتایی هاتنی گیرانەکە، وە سوننەتە بانگی بۆ بدرێت و بووترێت ( الصلاة الجامعة ).

## هەڵسەنگاندن

① هۆکاری ئەمانەی خوارەوە بڵێ:

أ. ڕوودانی خۆر گیران و مانگیران.
ب. سوننەتە خێر و صەدەقە بکرێت لە کاتی خۆر گیران و مانگیران.

② ئەم هەڵانەی خوارەوە ڕاست بکەرەوە:

أ. خۆر گیران و مانگیران بریتییە لە ئاوابوونی خۆر یان مانگ.
ب. نوێژی خۆر گیران و مانگیران واجبە لەسەر هەموو تاکێک.

# ٢ وانەی دووەم: چۆنێتی نوێژی خۆر گیران و مانگیران

## چۆنێتی نوێژی خۆر گیران و مانگیران

نوێژی خۆر گیران و مانگیران **دوو ڕکاتە**، لە هەر ڕکاتێك **دوو ڕکوع و دوو سوجدەی تێدایە**، پێشنوێژ تێدا دەنگی بەرز دەکاتەوە.

١
تەکبیرەی ئیحرام، پاشان دوعای دەسپێکردنی نوێژ و سوڕەتی فاتیحە، پاشان سوڕەتێکی درێژ.



٢
پاشان ڕکوعێکی درێژ



٣
پاشان هەڵسانەوە لە ڕکوع و دەڵێین: (سمع الله لمن حمدة، ربنا ولك الحمد)



٤
پاشان سوڕەتی فاتیحە و سوڕەتێکی درێژ بەڵام لەوەی پێشوو کورت تر.



٥
پاشان ڕکوعێکی درێژ بەڵام لەوەی پێشوو کورت تر.



٦
پاشان هەڵسانەوە لە ڕکوع و دەڵێین: (سمع الله لمن حمدة، ربنا ولك الحمد)



٧
پاشان دوو سوجدەی درێژ



٨
پاشان هەستانەوە بۆ ڕکاتی دووەم، بە هەمان شێوەی ڕکاتی یەکەم بەڵام کورت تر.



٩
پاشان تەحیات و سەلام دانەوە.



- ئەگەر نوێژ تەواو بوو بەڵام خۆر گیران و مانگیران بەردەوام بێت، ئەوا نوێژەکە دووبارە ناکرێتەوە بەڵکو سوننەتە ئەمانە بکرێت:

١ دوعا و پاڕانەوە ٢ زیکری خوای پەروەردگار ٣ خێر و صەدەقە.

- وە ئەگەر خۆر گیران و مانگیران تەواو بوو، دەبێت پێشنوێژ نوێژەکەی کورت بکاتەوە.

## چالاکی کرداری

شێوازی نوێژی خۆر گیران و مانگیران جێبەجێ بکە:

# یەکەی نۆیەم : نوێژە بارانە

## ١ وانەی یەکەم: نوێژە بارانە

١



٢



٣



٤



خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: [وَهُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ الْغَيْثَ مِنْ بَعْدِ مَا قَنَطُوا]، واتە: خوای گەورە ئەو خوایەیە کە بارانی بە سوودیان بۆ دائەبارێنێ لە دوای ئەوەی کە خەڵکی بێ ئومێد بوونە لە باران بارین.

خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: [أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ]، واتە: کێ هەیە وەڵامی لێ قەوماو بداتەوە کاتێك کە دەپاڕێتەوە و هانا بۆ خوای گەورە دەبات جگە لە خوای گەورە، وە کێ هەیە خراپەتان لەسەر هەڵگرێ و لایدات.




### پێناسەی نوێژە بارانە

داواکاری لە خوای پەروەردگار بە بارینی باران.

## حوكمی نوێژە بارانە

نوێژە بارانە سوننەتێكی جەخت لەسەركراوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەنجامی داوە، هاوەڵی خۆشەویست عەبدوڵای كوڕی زەید دەڵێت: ( پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرچوو بۆ نوێژگە (المصلی) بۆ داوای باران بارین، ڕووی لە قیبلە كرد و جلەكەی هەڵگەڕاندەوە و دوو ڕكات نوێژی كرد ).

## چۆنێتی نوێژە بارانە




شێوازی نوێژە بارانە هەر وەكو نوێژی جەژنەكانە.

### چالاكی كرداری


چۆنێتی نوێژە بارانە ئەنجام دەدەم لە پێش چاوی هاوڕێكانم و گوێ لە تێبینییەكانیان دەگرم.

## ووتاری نوێژە بارانە



دوای تەواوبوونی نوێژە بارانە ووتاربێژ ووتارێك دەدات، سەرەتا سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار دەكات، صەڵاوات دەدات و زۆر داوای لێخۆشبوون دەكات و زۆر دەپاڕێتەوە.

## دوعای كاتی باران بارین



(اللَّهُمَّ صَيِّبًا نَافِعًا)

# یەکەی دەیەم : نوێژی مردوو ( جەنازە )

## ١ وانەی یەکەم: مافەکانی مردوو ( جەنازە )

دەسپێك

خوای پەروەردگار چەند حوکمێکی تایبەتمەند کردووە بە مردووان، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی گرنگی دان بە موسڵمان پەیوەست نییە بە تەنها کە لە ژیاندا بێت، بەڵکو لە پاش مردنیشی گرنگی پێدەدرێت، ئەمەش گەورەیی ئاینی ئیسلام دەردەخات لە ڕووی برایەتی و خۆشەویستی نێوان موسڵمانان.

### مافەکانی مردوو

١ شۆردنی

٢ کفن کردنی

٣ نوێژ لەسەر کردنی

٤ شوێن کەوتنی

٥ ناشتنی

### چۆنێتی نوێژی مردوو

سونەتە پێشنوێژ لە لای سەری پیاوان و ناوەڕاستی ئافرەتان بوەستێت، پاشان چوار تەکبیرە بکات.

تەكبیرەی یەكەم:

١ (الله أكبر) دەکەین پاشان سورەتی فاتیحە دەخوێنین.

٢ تەنها سورەتی فاتیحە دەخوێنین، دوعای دەسپێکردنی نوێژ ناخوێنین.

تەكبیرەی دووەم:

(الله أكبر) دەکەین پاشان صەڵاوات دەدەین لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ).

تەكبیرەی سێیەم:

(الله أكبر) دەکەین پاشان دوعا و پاڕانەوە دەکەین بۆ مردووەکە.

## ئەم دوعا لەبەر دەکەم

(اللهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ وَعَافِهِ وَاعْفُ عَنْهُ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ، وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ، وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الْأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ، وَأَهْلًا خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ، وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَ مِنْ عَذَابِ النَّارِ).

تەكبیرەی چوارەم:

(الله أكبر) دەکەین پاشان دوعا و پاڕانەوە دەکەین بۆ هەموو موسڵمانان.

## ئەم دوعا لەبەر دەكەم

(اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِحَيِّنَا وَمَيِّتِنا، وَشَاهِدِنَا وَغَائِبِنَا، وَصَغِيرِنَا وَكَبِيرِنَا، وَذَكَرِنَا وَأُنْثَانَا، اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الْإِسْلَامِ، وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الْإِيمَانِ)

## هەڵسەنگاندن

١ باسی مافەکانی مردوو بکە.

٢ نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) بۆ ئەمانەی خوارەوە دابنێ:

أ. پێشنوێژ لەلای سەری پیاوان و ناوەڕاستی ئافرەتان دەوەستێت لە کاتی نوێژی مردوو. ( )

ب. لە دوای تەکبیرەی سێیەم صەڵاوات دەدرێت لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ). ( )

٣ جیاوازی لە نێوان نوێژی مردوو و نوێژەکانی تر بکە.

## سوننەتەکانی مردوو

- **لە کاتی مردنی کەسێك سوننەتە ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:**

١
ووتنی
( إِنَّا للهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ) .

٢
ڕۆشتن لە دوای مردوو و چاوەڕوانی تاوەکو بە خاك دەسپێردرێت.

٣
پەلەکردن لە ناشتنی.

٤
دوعا و پاڕانەوە بۆ مردووەکە لەدوای ناشتنی.

٥
دڵدانەوەی کەسوکاری مردوو بە ووتەی شیرین و جوان.

٦
کاتێك سەردانی گۆڕستان دەکەین دەڵێین:
(السَّلَامُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ، يَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَاحِقُونَ).

# قەدەغەکراوەکانی مردوو

١

توڕەبون و دەنگ هەڵبڕین، وەکو دڕینی جلوبەرگ، لێدان لە دەم و چاو، دەنگ بەرزکردنەوەی گریان، بەڵام ئەگەر گریانەکە بە دەنگی نزم بێت ئەوا ڕێپێدراوە.

٢

ڕۆشتن و دانیشتن لەسەر گۆڕ.

٣

نوێژکردن لە گۆڕستان، تەنها نوێژی مردوو نەبێت ئەگەر نوێژی لەسەر نەکرابوو.

٤

دروستکردنی مزگەوت لە گۆڕستان.

٥

دەنگ بەرزکردنەوە لەلای مردووەکە ئەگەر زیکر و قورئان خوێندنیش بێت.

٦

درووستکردنی بینا و ڕازاندنەوەی گۆڕ و ناشتنی دار، و تەبەڕوك کردن بە گۆڕ.

## چالاکی ١

یەکێک لە پایەکانی ئیمان باوەڕهێنانە بە قەدەر بە خۆشی و ناخۆشی.
لە قەدەغەکراوەکانی مردوو شتێک دەربهێنە کە پێچەوانەی ئەم پایە بێت:

..........................................................................................................

## هەڵسەنگاندن

(١) موسڵمان بەچی جیادەکرێتەوە لە جگە لە موسڵمان لە کاتی تووشبوونی ناڕەحەتییەکان؟

(٢) ئەمانەی خوارەوە بۆ سوننەت و قەدەغەکراوەکانی مردوو پۆلێن بکە

چاوەڕوانی تاوەکو مردوو بە خاک دەسپێردرێت – دەنگ بەرزکردنەوەی گریان – دوعا و پاڕانەوە بۆ مردوو دوای ناشتنی – ڕۆشتن لەسەر گۆڕ – تەبەڕۆک کردن بە گۆڕ – دڵدانەوەی کەسوکاری مردوو

| سوننەت | قەدەغەکراو |
|---|---|
| | |
| | |
| | |
| | |

# ناوەڕۆك